ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کوردستان
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
سێشەممە ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٤ _ ٧ی جولای ٢٠١٥
ژمارە: ٦٥٩
www.kurdistanukurd.com

لە دوای بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە کۆمەڵێک یارمەتی لەلایەن خەڵکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو پێشمەرگەخۆشەویست بە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتوون کە جێگەی سپاسو پێزانینەو هیواخوازین ئەو ئامادەگییەی خەڵکو ئەندامانی حیزب هەروا بەردەوام بێ بۆ پیشمەرگەو خەباتی ڕەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافەکانی خەڵکی کوردستان.



# با ٢٦ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەر بکرێ
# بە دەرفەتێک بۆ یەکڕیزیو هاوپێوەندی نەتەوەیی




ئەمساڵ لە هەلومەرجێک دا لە ٢٢ی پووشپەڕ نزیک دەبینەوە کە نەک هەر نیشانەیەک لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی حەسەن ڕۆحانی دوو ساڵ لەمەوبەر لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا بە خەڵکی کوردستانی دابوون لە گۆڕێ دا نییە، بەڵکوو قۆناغێکی نوێ لە لەشکرکێشی بۆ شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئاوەدانکردنەوە و زیادکردنی بنکەو پێگە نیزامییەکان، دەستی پێکردوەتەوە. هەر ڕۆژەی لە شارو ناوچەیەکو لەبەرچاوی دامودەزگا بێتەفاوەتو کەمتەرخەمەکانی ئەو ڕێژیمە سروشتی جوانی کوردستان، دەبێتە ئامانجی ئاگرو سووتمانی گوماناوی. خەڵکی کوردستان، کە لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، داوای مافەکانی خۆیان کردو تەسلیمی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی نەبوون، هەر وا لە بێبەشیو بێمافی‌دا ڕاگیراونو بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی هەڵوێستی ئازادیخوازانەیان لێ دەکرێتەوە.


هەروەها لە بارودۆخێک‌دا بەرەو یادی تیرۆری د.قاسملوو دەچین کە لە سۆنگەی پەیڕەوکرانی سیاسەتی چالاککردنەوەی تێکۆشان لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتدا، هیواو هومێد بە هێزی پێشمەرگەو ئامادەبوونی تیکۆشەران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌دا، ڕوو لە هەڵکشانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیداگرتنەوەو دووپاتکردنەوەی شێلگیربوونی خۆی لە سەر سیاسەتو تیکۆشانی ڕۆژهەڵاتتەوەر، داوا دەکا ٢٦ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی ڕێبەر بکرێ بە دەرفەتێک بۆ نواندنەوەی هاوپێوەندیی نەتەوەکەمان لە گەڵ ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لە ستەم و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.


حیزبی دێموکرات، سەمبولسازی یا ئوستورەناسی؟
٤


لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەوە یادێک لە ٣٠ ساڵەی.....
٥



HDP و حکومەتی هاوپەیمانی
٧


کێ تەلیسمەکەی شکاند؟!
١٠


فەتانەی وەلیدی؛ ئاوازێکی ڕۆشن، لەململانی ژیان ومەرگێکی کپ و تاریکد ا
١١

## بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان
## ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بۆنەیەکی دیکە بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی‌و هەڵوێستی ئازادیخوازانە

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**هۆگرانو ڕێرەوانی ڕێگاو ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەر!**

خەریکین لە ٢٢ی ی پووشپەڕی ئەمساڵ، بیست و شەشەمین بیرەوەریی تیرۆری ڕێبەری لێهاتووی خەباتی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، نزیک دەبینەوە.


ئەمساڵ لە کاتێک دا بەرەو یادی ٢٦ ساڵەی شەهید کرانی د.قاسملووو هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر دەچین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وا ماتەمباری شەهیدکرانی دەستەیەکی دیکە لە ڕۆڵەکانیەتی. هێشتا ماتەمی شەهید کرانی دوو لە قارەمانانی خەباتی نێو بەندیخانەو خەباتی جەماوەریو سەرشەقام، شەهیدان مەنسوور ئاروەندو ئاکام تەلاج، باڵیان بە سەر کوردستان دا کێشاوە. هێشتا بە دەیان ڕۆڵەی ئەم خەڵکە کە بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر مەرگی دڵتەزێنی کچی بێتاوانی کورد فەریناز خوسرەوانی لە مەهاباد ڕژابوونە سەرشەقامەکانو درانە بەر دەسرێژ، هەر وا لە بەندیخانەو لە ژێر ئەشکەنجە دانو لە گەڵ چارەنووسێکی نادیار بەرەوڕوون.

خەڵکی کوردستان ئەمساڵ لە کاتێک‌دا یادی تاوانی شەهید کرانی ڕێبەرو سەرکردەیەکی بێ وێنەی خۆیان بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو لە سەر مێزی وتووێژ دەکەنەوە کە سیاسەتی سەرکوتو تاوان دژی گەلی کورد هەر وا بەردەوامە. سەدان کەسی ئازادیخوازو لەستەمو بێمافی وەدەنگهاتووی کورد هەر وا لە بەندیخانەکان دان کە لە یەکساڵی ڕابردوو دا، ژمارەیەکی دیکە لەوان ئێعدام کران. محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستانو سیماو سەمبولی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ٨ ساڵ لەمەوبەر هەر لەم مانگە دا قۆڵبەست کرا، تا ئێستاش لە بەندیخانە دایە. کەبوودوەند هەر ئەو تێکۆشەرە خۆڕاگرەیە کە هەموو ساڵێ لە نێو بەندیخانەوە داواتان لێ دەکا ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکەن بە ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر سەرکوت و تیرۆری دەوڵەتی.

ئەمساڵ لە هەلومەرجێک دا لە ٢٢ی پووشپەڕ نزیک دەبینەوە کە نەک هەر نیشانەیەک لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی حەسەن ڕۆحانی دوو ساڵ لەمەوبەر لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا بە خەڵکی کوردستانی دابوون لە گۆڕێ دا نییە، بەڵکوو قۆناغێکی نوێ لە لەشکرکێشی بۆ شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئاوەدانکردنەوە و زیادکردنی بنکەو پێگە نیزامییەکان، دەستی پێکردوەتەوە.

ل ٣

## دیسان "ئاویەر" ئاگری تێبەردرا



لە درێژەی ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پڕیشکەی ئاگر ئەمجارەیان گەیشتە ئاویەری سنە. بەو سووتانەی ئاویەر خەڵکی کوردستان بەگشتییو بەتایبەتی شاری سنەی نیگەران کرد.

ئاگرکەوتنەوەکەی ئاویەر کە لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی دەستی پێکرد و تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا، لە چوار قۆڵی حەسەن‌ئاوا، بەرەو شارۆچکەی پیشەیی، پارکی منداڵان و لوتکەی ئاویەر بڵێسەی سەند و نیزیک بە تەواوی داوێنی ئاویەری سووتاند.

تینی ئاگرەکە نەک بۆ لێرەوارو بەربناری ئاویەر، بەڵکوو مەترسی بۆ ماڵەکانی بناری ئاویەریش ساز کردبوو کە ئەو بەشە لە ئاگرەکە کە بە ڕووکاری شار دابوو، بە هیممەتی کەم وێنەی خەڵک کۆنترۆڵ کراو ئاگرەکە لە بەشەکانی دیکەی ئاویەر تا بەیانی درێژەی هەبوو.

بە گوێرەی لێدوانی شایەتحاڵان سەرەتای ئاگرکەوتنە دەکرا پێشی پێ بگیرێ خەڵکێکی زۆر ویستوویانە بە هانای ئاویەرەوە بچن، بەڵام لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە ڕێیان پێگیراوە، ئەوەش وایکردوە ئاگرەکە پەرە بستێنێ، بەڵام کە دوایە ئاگەرە لە ڕووبەرێکی زۆردا پەرەی سەندوە، خەڵکەکە بێ گوێدانە ڕێگرییەکان بە گڕی ئاگرەکەدا چوونەتەوە.

مورتەزا سەننەدەجی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاگرکوژێنەوەی سنە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە دەڵێ ئەگەر بەشداریو هاوبەشیی خەڵک بە گشتی نەبوایە، کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە لە توانای ناوەندە دەوڵەتییەکاندا نەبوو.

چالاکێکی مەدەنیی شاری سنەش دەڵێ هاوسۆزیو خەمی خەڵک لە بە دەنگەوە هاتنی ئاویەر بە جۆرێک بوو کە خەڵک بە دەستی بەتاڵو بە داکەندنی جلی بەریان هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان داوە، ئەوەش وایکردوە ژمارەیەک لە خەڵکەکەش تووشی سووتانو کێشەی هەناسەدان ببنەوە.

سەید ئەحسەن عەلەوەی، نوێنەری شاری سنەش لە کاردانەوە بەو ئاگرکەوتنەوەیەدا گوتی ئاویەر بووە قوربانیی بێ مشووریو بێخەمیی کاربەدەستانی ئەو شارە.

# سیمینارێکی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



کومیتەی نۆڕوێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سیمینارێکی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب پێک هێنا. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەویەکی سیاسی تەشکیلاتیدا کە لە شاری سترۆمێن، سەربە پارێزگای ئاکەشهوس بەڕێوەچوو، باسێکی لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە کوردستان، ئێران‌و ناوچە پێشکێش کردو خوێندەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بۆ ئەو ڕووداوانەی هینایە بەرباس.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی جۆزەردان بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان‌و کۆمەڵێک میوان‌و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، سەرەتا ئەسعەد خزری بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی نۆڕویژ بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و مەبەست لەو کۆبوونەوەیەی بۆ بەشدرانی کۆبوونەوەکە شی کردەوە.

پاشان خالید عەزیزی لە سەرەتای باسەکەی‌دا بە ئاماژە بەو گۆرانکارییانەی لە ناوچەکەدا هەن، باسیان لەوە کرد کە ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێداین لەگەڵ زۆر قەیران‌و گۆرانکاریی ناڕوون بەروروویە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی کورد کەوتووەتە حاڵەتێکی جیددیترەوە و وەک ئاماژەیەک بە رۆژهەڵاتی کوردستان، گوتی: کە گرفتی سەرەکی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە نەمانتوانیوە گوفتمانێکی یەکگرتوو و هیوابەخش دروست بکرێ تاوەکوو ئادرەسێکی واحید بدەینە دونیای دەرەوە و خەڵکی رۆژهەڵات. لەو پێوەندییەدا پێداگریی لەسەر پێویستیی یەککگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردەوە.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیاندا بە ئاماژەدان بەو هەڵبژاردنانەی لە تورکیەو باکووری کوردستان هیوای خواست خەباتی مەدەنی کورد لەو بەشە لە کوردستان بەئامانجەکانی خۆی بگاو بتوانن لە گۆرەپانی سیاسی‌و پارلمانی ئەو وڵاتەدا بە دیالۆگو ئاشتییانە داوا سیاسی‌و مەدەنییەکانی کورد بێنە گۆڕێ‌و دەستەبەریان بکەن. لەو پێوەندییەدا ناوبراو باسی لەوە کرد کە هەموو خەباتێکی چەکداری لە ئاکام دا بۆ ئەوەیە کە تێکەڵ بە خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی بێ بۆ ئەوەی دەستەبەری مافەکان بکەی.


بەڕێزیان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی چەند مانگی رابردووی سەر سنوور، ئاماژەی بەوەدا کە پێشگیری لە خوێنڕشتن بە لایەنێک ناکرێت و هەموو ئیحساسی مەسئولییەتێکی ئێمە، ئیحساسی مەسئولییەتێکی پەکەکەشی پێویستە. پەکەکە دەبێ بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوەو لە باکووری کوردستان خەباتی خۆی درێژە پێبدا. بەڕێزیان گوتی ئێمە بە بایەخەوە دەڕوانینە خەباتی هێزە سیاسییەکان لە باکووری کوردستان، بەڵام پێمان وایە دەستێوەردان‌و حیزب سازکردن بۆ بەش‌و پارچەکانی دیکە هیچ خزمەت بە ئەو پارچانە ناکاو ئاستەنگو بەربەستیشیان بۆ دروست دەکا.

برگەی کۆتایی ئەو باسە سیاسییە کۆمەڵێک پرسیار و پێشنیار بوو کە لە لایان نوێنەرانی لایەنە سیاسییە کوردستانیەکانەوە ئاڕاستە کاک خالید عەزیزی کرا و لە لایان بەڕێزیانەوە وەڵام درانەوە.

بەشی دووەمی سیمینارەکە کە تایبەت بە ئەندامانی حیزب و باسێکی تەشکیلاتی بوو، لەم بەشەشدا سکرتێری گشتی وێڕای باسێکی کورت لەسەر ئەرکە تەشکیلاتییەکان، سوپاسی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ئەندامی حیزب لە نۆڕوێژ راگەیاند کە زۆر چالاکانە پشتگیری ماددی حیزبیان کردووە و لە هاوکاریی ماڵی بە حیزب دەریغیان نەکردووە. دوای ئەو باسە، دەرگای گفتوگۆ و رەخنە و پێشنیار بۆ ئەندامانی حیزب کرایەوە و لەم بەشەشدا ئەندامانی حیزب چالاکانە بەشداری ئەو بڕگەشیان کرد و قسە لەسەر کۆمەڵێک باس‌و خواسی دەرون تەشکیلات‌و باسی پێوەندیدار بە داهاتووی کاروباری حیزبی و هەروەها هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات کرا.

# سەردان‌و چاوپێکەوتنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

ڕێکەوتی ١١ی پووشپەری ٩٤ شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەیی‌و سۆران نوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێریان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەهمەن حوسێن، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەوە حیزبەوە پێشوازییان لێکرا .



لەو دانیشتنە دا کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بەرپرسی کورد و ئاڵوگۆرەکانی ناوچە و دەورووبەر هاتنە بەر باس‌و ئاڵوگۆری بیرورایان لە سەر کرا .

هەروەها ڕووداوەکانی یەک مانگی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان، حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەر سنوور، مافی حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ چالاککردنەوەی زیاتری مێتۆدەکانی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان و رۆڵی وڵاتانی زلهێزی ناوچە لە ئاست ئەو ڕووداوانە هاتنە بەر باس‌و تاووتوێ کران.

لە کۆتاییدا چەندوچۆنی پێوەندیی حیزبەکانی چوار پارچەی کوردستان بە نیسبەت چۆنیەتی هەڵسوکەت لەگەڵ یەکتری و بە تایبەت تەداخول نەکردن لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان باسیان لەسەر کراو لەو پێوەندییەشدا پێداگری لە سەر هاوکاری و هاوهەڵوێستی هەموو حیزب و لایەنەکو بە تایبەت حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو برگە زەمانییەدا، کرایەوە .

ڕێکەوتی١١ی پووشپەری ٩٤ هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و هاورێیەتیی ئیبراهیم زێوەیی و سۆران نوری، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری هەولێریان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبی شیوعی بە سەرپەرستیی دوکتۆر کاوە محمود، جێگری سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستانەوە، پێشوازییان لێ کرا .

لەو دانیشتنەدا قادر وریا، بە وردی باسی لە ڕووداوەکانی دوو مانگی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت ڕووداوەکانی سەرسنوی کێلەشین و جێگیربوونی هێزەکانی حیزبی دێموکڕات لە ناوچە سنورییەکانی کوردستانی کرد. ناوبراو لەو بەشە لە باسەکانیدا وێڕای باس لە خوێندنەوەی حیزب بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە پرسی چۆنیەتیی هەماهەنگی و هاوکاری سەرجەم پێشمەرگەکانی دوو لایەنی دێمۆکرات لەسەر سنووری بە کارێکی گرینگ ناوبرد.

پاشان کۆمەڵێک پرس و بابەتی فرەڕەهەندی پێوەندیدار بەکێشەی کورد لەئاستی ناوچە و بەتایبەت هەرێمی کوردستان کە لەهەموو لایەکەوە فۆکۆسی زیاتری لەسەرە، هێناتەبەرباس و تاووتوێ کران.

رۆژی یەک شەممە ٧ ی پووشپەری ٩٤ هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاورێیان : قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئیبراهیم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەردانی مەڵبەندی ٣ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێری کرد و لە لایەن شاندێکی مەڵبەندەوە بە سەرپەرستی رزگار علی لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێرەوە پێشوازییان لێ کرا.

دانیشتنەکە بە ئاوڕدانەوەیەک لە پێوەندییە لەمێژینەکانی نێوان حیزبی دێمۆکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی پێ کرد و دواتریش هێندێک بابەت و تەوەری جۆراوجۆری پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ئاستی ناوچە و وڵاتانی دراوسێی کوردستان هاتنە بەر باس و دوو لایەن پێکەوە ئاڵوگۆری بیرورایان لە سەر کردن . پاشان وێرای پێداگری لە سەر راگرتن و پتەوترکردنی پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها هاوکاری و هاوخەباتیی مێژوویی نێوان هەرێمی کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان وەک خاڵێکی ئەرێنی و پرشنگدار نرخێندراو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەستیاری سیاسی و روداوە خێراکانی ناوچەکە ، هەر دوو لا لە سەر ئەو ئەسلە هاونەزەر بوون کە بە بێ دەستوەردان لە کاری یەکتردەرکی هەلومەرج و بارودۆخی ناوچەکە و یەکتر بکەن

ڕێکەوتی ١١ی پووشپەری ٩٤ هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەیی‌و سۆران نوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی سەردانی بارەگای مەکتەبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێریان کرد و لە لایەن شاندێکی یەکگرتوو بە سەرپەرستیی مامۆستا خلیل ابراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی‌یەوە پێشوازییان لێکرا .



لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتەکانی دوو لایەنی حیزبی دێمۆکرات و یەکگرتووی ئیسلامی ئاوڕێکیان لە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و ناوچە و دەوروبەر دایەوە و ئاڵوگۆری بیروڕایان لە سەر کرد .

دواتر قادر وریا، کورتە باسێکی لەسەر ڕووداوەکانی دوو مانگی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت ڕووداوەکانی سەرسنوور کرد و سیاسەت و هەڵوێست و ڕوانگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لەو پێوەندییەدا بۆ هەیئەتی خانەخوێ شی کردەوە.

تەوەرێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە، چۆنیەتیی و چەندوچۆنیی چاوەڕوانییەکانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و بە واتایەکی دیکە تەداخول نەکردن لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا بوو کە هەردوو لا لە سەر ئەو پرێنسیپە پێداگر بوون.

ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەری ٩٤ لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی حیزبی دێمۆکرات دەگەڵ حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی



دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاک ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دیمۆکراتی کوردستان‌یان کرد و لەلایەن کاکەمین نەجار، بەرپرسی ئەنجومەن سەرکردایەتییەوە پێشوازییان لێ‌کرا .

لەو دیدارە دوو لایەن کۆمەڵێک پرس‌و بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی هەستیارو ناسکی ئێستای هەرێمی کوردستان‌یان هێنایە بەر باس‌و پێکەوە تاووتوێ‌یان کردن، هەروەها یەکڕیزی‌و یەک هەڵوێستی نێو ماڵێی کورد لە ئاست چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکان لە نێو هێزەکانی هەرێمی کوردستان‌و سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان پێداگریی لەسەر کرایەوە.

پاشان باس لە ڕووداوەکانی سەرسنوور، هەڵکەوتوو لە کەلەشین‌و دەوروبەر کراو لەو پێوەندییەدا مێکانیزمەکانی چۆنیەتی تەعامول‌و پێکەوە هەڵکردنی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەو ناوچانە بە شێوەیەکی ئاشتی، دیالۆگو لێکتێگەیشتن هاتنە بەر باس‌و قسەو باسیان لە سەر .

### درێژەی: بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەر ڕۆژەی لە شارو ناوچەیەک‌و لەبەرچاوی دامودەزگا بێتەفاوەت‌و کەمتەرخەمەکانی ئەو ڕێژیمە سروشتی جوانی کوردستان، دەبێتە ئامانجی ئاگرو سووتمانی گوماناوی. خەڵکی کوردستان، کە لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، داوای مافەکانی خۆیان کردو تەسلیمی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی نەبوون، هەر وا لە بێبەشی‌و بێمافی‌دا ڕاگیراون‌و بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی هەڵوێستی ئازادیخوازانەیان لێ دەکرێتەوە.

بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چۆک دانەهاتوە. لە هەر دەرفەتێک بۆی هاتووەتە پێش بۆ دەربڕینی ویست‌و پەیامی خۆی سوودی وەرگرتوە. هەر کات کەمترین دەرەتانی هەبووە بە شێوەیەکی هێمنانەو مەدەنی، پێگەیشتوویی خۆی‌و سووربوونی لە سەر داواکردنی ژیانێکی ئازادو بە دوور لە ستەم‌و چەوسانەوە، پێشان داوەتەوە. بۆنە نەورۆزییەکان، چالاکییەکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە، تێکۆشان لە ڕاستای نەهێشتنی توندو تیژی بەرامبەر منداڵان‌و ژنان، وەستانەوە بە دژی بڵاوکردنەوەو بە کارهێنانی مادده سڕکەرەکان، هەوڵی دڵسۆزانە بۆ پاراستن‌و بەرەوپێشبردنی زمان‌و کولتووری کوردی‌و ڕێزگرتن لە سامانە ئەدەبی و هونەری‌و زانستییەکان، هاوپیوەندی لە گەڵ نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە، بەڵگەی زیندوویی‌و بە چۆکدانەهاتوویی گەلەکەمانن.

ئەمساڵ لە بارودۆخێک‌دا بەرەو یادی تیرۆری د.قاسملوو دەچین کە لە سۆنگەی پەیڕەوکرانی سیاسەتی چالاککردنەوەی تێکۆشان لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتدا، هیواو هومێد بە هێزی پێشمەرگەو ئامادەبوونی تیکۆشەران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌دا، ڕوو لە هەڵکشانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیداگرتنەوەو دووپاتکردنەوەی شێلگیربوونی خۆی لە سەر سیاسەت‌و تیکۆشانی ڕۆژهەڵاتتەوەر، داوا دەکا ٢٦ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی ڕێبەر بکرێ بە دەرفەتێک بۆ نواندنەوەی هاوپێوەندیی نەتەوەکەمان لە گەڵ ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لە ستەم و دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

چاوەڕوانیمان ئەوەیە ئەمساڵیش لە ٢٢ی پووشپەڕدا، یەکگرتوویی‌و وەفادارییی خۆتان بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهید د.قاسملو، لەهەڵوێستێکی خەباتگێڕانەو ڕاشکاوانەدا پێشان بدەنەوە. لەم پێوەندییەدا وێڕای پێداگرتنەوەمان لە سەر هەموو ئەو چالاکی‌و حەرەکەتانەی لە ساڵانی رابردوودا بۆ بەرزڕاگرتنی یادی د.قاسملوو بەڕێوەچوون، داواتان لێ دەکەین لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، شەقام‌و بازاڕ بایکۆت بکەن. بۆ ئەوەی مانگرتنی گشتی‌و داخرانی بازاڕ وەکوو هەڵوێستێکی گشتی لەم بۆنەیەدا دووپات بێتەوە، پێویستە لە چوون بۆشەقام‌و بازاڕ خۆ بپاریزن‌و بەم جۆرە هاندەرو هاوکاری خاوەن دوکانەکان لە داخستنی دوکان‌و بازاردا بن.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەردەوامیی ئەو خەبات‌و بەربەرەکانییەی لە گۆڕەپانی جۆراوجۆردا، بە دژایەتی لە گەڵ ستەم‌و سەرکوت‌و بۆ بەرگری لە ماف‌و ئازادییە ڕەواکانیان ، بەرەو پێشی دەبەن، پێویستیان بە نیشاندانەوەی دیمەنێکی بەشکۆی دیکە لە یەکگرتوویی‌و بەچووک دانەهاتوویی خۆیان هەیە. با بە هەموو لایەک ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، بکەین بە دەرفەتێکی گونجاو بۆ وەڕێخستن‌و نواندنی ئەم هەڵویستە خەباتگێڕانەو نەتەوەییە. بەو هیوایە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٤**
**٦ی جولای ٢٠١٥**

# کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان



مام برایم پەیڕەوان، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەوی ٨ پووشپەڕ بە هۆی پیری و نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان و هاوڕێیانی کرد.

مام برایم ساڵی ١٣٢٤ لە ئاوایی بێشاسپی شاری سەردەشت لە دایک بوو، ساڵی ١٣٤٦ پێوەندیی بە حیزبەوە گرت‌و ساڵی ٥٨ بە ڕەسمی بۆتە پێشمەرگە. ئەو بە شێوەیەکی ڕێک و پێک کارو تێکۆشانی کردوەو ئەرکە پیرۆزەکانی حیزبەکەی بەڕێوە بردووە.

مام برایمی خوالێخۆشبوو پێشمەرەیەکی دلسۆز، بە بیروباوەڕ تا بڵێی حیزبی بوو.

ئەو لە کومیتەی شارستانی سەردەشت‌و هێزی پارێزگای خزمەتی حیزب‌و نەتەوەکەی دەکردو بە هۆی دڵسۆزییەوە چەند جارێکیش تەشویق کراوە.

لە کۆڕی پرسەو سەرەخۆشیی مام برایم‌دا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتارێکی کورتدا خزمەت و تێکۆشانی دەیان ساڵەی مام برایمی بەرز نرخاند.

# سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر لە ژووری پێوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان

ڕێکەوتی ١٤ی پووشپەڕ شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی سەردانی ژووری پێوەندییەکانی بزووتنەوی گۆران لە هەولێریان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی بزووتنەوەی گۆران بە سەرپەرستیی زەردەشت مەلا حەسەن، بەرپرسی ژووری پێوەندییەکانی گۆران لە هەولێر پێشوازییان لێکرا .

لەم دانیشتنەدا بارودۆخی هەستیار و هەمە لایەنەی هەرێمی کوردستان و هەروەها حیزب و هێزە سیاسییەکانیان هاتنە بەرباس و دوو لایەنەکە پێکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کردنو هاوهەڵوێستانە قامک لە سەر چەندوچۆنیی مێکانیزمی دەرباز بوون لەو دۆخەیان خستەڕوو.

دواتر ئیبراهیم زێوەیی باسێکی لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی دوو مانگی دوایی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێوەی ڕوون ڕووداوەکانی سەرسنورکرد و چۆنیەتیی تەعامول و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هێزە سیاسییە کوردستانییەکان و بە تایبەت نێوان دوو لایەنی دێمۆکراتی هێنایە بەرباس و لە سەر ئەو مەوزوعەش هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی گۆران هاوهەڵوێست و هاونەزەر بوون و پێداگری لە سەر تەعامول و پێکەوە هەڵکردن کرایەوە .

# میزگردێکی سیاسی سەبارەت بە چۆنیەتیی پەڕینەوە بۆ دێموکراسی لە واشینگتۆن

کانوونی فەرهەنگی ئێرانییەکان لە واشینگتۆن مێزگردێکی بۆ کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا، د. موحسین سازگارا لێکۆڵەر و چالاکی سیاسی و د. ئارام حیسامی مامۆستای زانستی سیاسی لە واشینگتۆن لە سەر چۆنیەتیی پەڕینەوە بۆ دێموکراسی لە ئێران بە ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، پێک هێنا.

کاوە ئاهەنگەری بە ئاماژەی بە دێموکراسی لە ئێران لە گۆشەنیگای مێژووییەوە کرد و گوتی: ئەساسەن دێموکراسی دیاردەیەکی نوێیە و کاتێک باس لە دێموکراسی لە ئێران دەکەین، زیاتر جەخت دەکەینە سەر پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن و مێژووی هاوچەرخی ئێران. هەر بۆیەش بۆ ئەم باسە ئیمە تەرکیز لە سەر دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دەکەینەوە و منیش لەم باسەدا دەپەڕژێمە سەر دوو گوتاری ئەو دوو ڕێژیمە کە دەکرێ وەک جیهانبینی ڕەسمی و پێناسەکراوی هەردووکیان ئاماژەیان پێبکەین.

لە بەشی کۆتاییدا کاوە ئاهەنگەری هێندێک ڕێکاری وەک: خەسارناسیی مێژووی سیاسی ئێران، دیالۆگ، گۆڕینی مێتۆدی کاری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، بوونی گۆشەنیگای چەند ڕەهەندی و پلۆڕال، پلانی ستراتیژیک، پێک هێنانی ئاڵترناتیڤ و دیالۆگ بۆ دەرباز بوون لەم قۆناغە هێنایە بەرباس.

پاشان دکتور موحسین سازگارا و ئارام حیسامی لەر مژاری میزگردەکە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

# سەردانی ڕێکخراوی خێرخوازیی نێودەوڵەتیی "ئاشتی" لە نوێنەرایەتی حدک لە هەولێر



ڕێکەوتی ١ی پوشپەری ٩٤ شاندێکی ڕێکخراوی خێرخوازیی نێودەوڵەتیی "ئاشتی" بەسەرپەرستیی سەرۆکی ڕێکخراوەکە " دلێر محەممەد سالح نەقشبەندی " و بە هاوڕێیەتی ئیبراهیم رەشید عەبدوڵڵە بەرپرسی پێوەندییە نیشتمانییەکان ، دوکتۆر بەسمە ئەلکوردی بەرپرسی پێوەندییە عەرەبییەکان و، کارزان کاکەجوان ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەهەولێریان کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . لەو دانیشتەدا زۆر بابەت و تەوەری پێوەندیدار بەپرسی کورد و چەمکەکانی دێمۆکراسی ، مافی مرۆڤ ، ئاشتی و بەتایبەت پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و وڵاتانی دەوروبەر هاتنەبەر باس و قسەیان لەسەر کرا . سەرۆکی ڕێکخراوەک لەبابەت ئەرکی ڕێکخراوە کە لەئاستی هەرێمی کوردستان و ناوچەو جیهاندا و، بەتایبەت ئەو رەسالەتە مرۆڤایەتییەی دەکەوێتە سەرشانیان روون کردنەوەیەکی پێشکەش کرد و پێداگری لەسەر چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەو چەمکانەکردەوە.

دواتر ئیبراهیم زێوەیی لە بابەتێک لە سەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەی بە سیاسەتی ئینکاری مافنەتەوەیی ، سیاسیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کورد لەئێران کرد و لەو پێوەندییەدا قامکی لە سەر ئێعدامی لاوانی نیشتمانپەروەرو کوشتنی خەڵکی زەحمەتکێشی کوڵبەر هەڵکەوتوو لەسەر سنور کرد و هیوای خواست کە ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی زیاتر لەوە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت شکەنجە، ئێعدام و کوشتنی کوڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە بەرنامەی کاری خۆی و رووماڵیان بکاو لەقاویان بدات .

# سەردانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند



بە بۆنەی هەشتەمین ساڵوەگەڕی زیندانیکرانی سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەردانی بەشی مافی مرۆڤی یەکەی سیاسی و ستراتیژی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد و لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی مافی مرۆڤی ئەو وەزارەتخانەیەوە پێشوازی لێ کرا.

لەو دیدارەدا دەستەی نوێنەرایەتی وێڕای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، وەرگێڕاوی ئەو قانوونانەی کۆماری ئیسلامی کە بەپێی ئەوان چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەستبەسەر، زیندانی و ئێعدام دەکرێن و، هەروەها نامیلکەیەک لە سەر سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی و پرسی کورد لە ئێران پێشکەشی نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوەیان کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە داوانامەیەکیەدا، داوایان لە دەوڵەتی فینلاند کرد تا لە ڕێگای پێوەندیە دیپلۆماتیکییە دوولایەنە و لە ڕێگای پێوەندییەکانی ئەنجومەنی ئورووپاوە ئێران ناچار بکەن واز لە سەرکوتو ئازارو ئەشکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد بێنێ. هەروەها لە وڵاتی فینلاند داواکرا کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لە مەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئازادکردنی سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەگەڕ بخەن.

# خۆپێشاندانی کوردستانیانی دەرەوەی وڵات، دژ بە حوکمی سێدارەی مەنسوور ئاروەند بەردەم بارەگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێف

ڕێکەوتی ٢٧ی ژوئەنی ٢٠١٥ لە بەر دەرگای سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژێنێف، بۆ شەرمەزار و مەحکووم کردنی ڕەوتی گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی و بە تایبەت ئێعدامی چالاکی سیاسیی کورد و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهید مەنسوور ئاروەند و هەروەها گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بە گوێی کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەت دام ودەزگاکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە نوێەرایەتی هەموو وڵاتانی جیهان دەکا، خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بەڕێوەچوو. لەو خۆپیشاندانە کە کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوندی ماف لە ژێنێف ئامادەکارییان بۆ کردبوو، بە دەیان کەس لە کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان، نوێنەر و ئەندامانی چەندین حیزبی سیاسی و ناوەند و ڕێکخراوی پارێزەری مافەکانی مرۆڤی کوردستانی و ئێرانی تێدا بەشدار بوون.

### سوئێد

ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕێ ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆڕیادێک بۆ شەهید مەنسووری ئاروەند، لە لایەن کۆمیتەکانی سوئێد و وێسترۆسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی ئەوە شەهیدە لە شاری " وێسترۆس" پێکهات.

کۆڕەکە بە سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگیی دەستی پێکرد و

دواتر پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بە بۆنەی ئێعدام کرانی مەنسووری ئارەوەند خوێندرایەوە.

خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و وێڕای مەحکووم کردنی ئێعدامی لاوانی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، باسی پەرتەوازەیی و ناهاودەنگیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

مەلا محەمەدی جوانڕۆیی لە وتارێکدا باسی پێویستیی هێنانە رووی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و پاشان وتاری بنەماڵەی شەهید مەنسوور ئاروەند، خوێندرایەوە.

دواتر مامۆستا ئاشق بە وتارێکی کورت و دوو بەشدارێکی دیکەی کۆڕیادەکە بوو.

چەندین ڕێکخراوی کوردستانی و کەسایەتیش برووسکە و پەیام و وتاریان پێشکەش کرد

### یوتوبۆری

ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٢٧ی زایینی، بە مەبەستی مەحکووم کردنی ئێعدامی مەنسوور ئاروەند، لە سەر بانگهێشتنی کومیتەی یۆتۆبۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆپێشاندانێک لە لایەن کوردانی دانیشتووی ڕۆژئاوای سوئێد بەریوە چوو.

خۆپیشاندەران دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان لە دژی ئێعدامی رۆڵەکانی گەلەکەمان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئیران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەرێوە دەچێ دەربڕی

### ئوتریش

ڕێکەوتی ٢٦-٦-٢٠١٥ لە لایەن کوردانی دانیشتووی شاری وییەن پایتەختی ئوتریش لە نێوەڕاستی ئەو شارە پێک هات. کە لەوێ دا چەندین وتار و بابەت لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیە بەشداربووەکانەوە لەم پێوەندییەدا خوێندرانەوە و کۆماری ئیسلامییان بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە، مەحکووم کرد. پاشان بەشدارانی خۆپێشاندانەکە بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهید مەنسوور ئاروەند ناڕەزایەتی و تووڕەیی خۆیان دژ بە سیاسەتی دژی مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی نیشاندا.

### فینلاند

بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتیانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، ئاکسیۆن و خۆپێشاندان دژ بە ئێعدامی شەهید مەنسوور ئاروەند و بۆ ئازادیی سەرجەم زیندانیانی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری هێلسینکی بەڕێوەچوو. کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی ژوئەنی ٢٠١٥، خۆپێشاندەران بە دانی دروشمگەلی وەک «زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، بژی ئازادی – بژی کوردستان» لە بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوە.

عەزیز شێخانی بە زمانی فینلاندی سەبارەت بە کارنامەی نێگەتیڤ و پڕ لە تاوانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوت و ئەشکەنجە و ئێعدامی جیابیران و تێکۆشەرانی کوردستان، قسەی کرد و ئامانجی ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکەی ڕاگەیاند.

پاشان «وڵات نەهری» لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی فینلاند پەیامی خۆپێشاندەرانی بە زمانی فینلاندی ڕاگەیاند.

کەریم ڕەسوڵی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیارنامەی خۆپێشاندەرانی خوێندەوە کە تێیدا وێڕای شەرمەزار کردنی ئێعدامی شەهید مەنسوور ئاروەند لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، داوا لە دەوڵەتی فینلاند کرابوو تا لە توانایی و نفووزی دیپلۆماتیکی خۆی ڕوو بە کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرێ بۆ ئەوەی ئەو ڕێژیمە کۆتایی بە ئازار و ئەشکەنجەی جیابیران بێنێ و حوکمی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی هەڵوەشێنێتەوە.

خۆپێشاندان بە خوێندنەوەی دروشمی جۆراوجۆر دژی کۆماری ئیسلامی و سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێ هات.

### دانمارک

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١-٦-٢٠١٥ی زایینی، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، بە بۆنەی لە سێدارەدرانی مەنسور ئاروەند کۆڕێکی پێک هینا. ئەو کۆڕەیادە کە لەودا چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهید مەنسووری ئاروەند، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتانی دانمارک و سوید بەشدار بوون، بە سروودی ئەی شەهیدان و یەک خولەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدی تازەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەنسور ئاروەند و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. پەیامی کۆمیتەی دانمارک لە لایەن هیوا زەبیحی بەرپرسی کۆمیتەی دانمارک خوێندرایەوە. بەرپرسی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە درێژەی پەیامەکەی دا لەلایەن کۆمیتەی دانمارکەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی سەر بەرزی شەهید مەنسور و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی خۆڕاگر و نیشتمانپەروەری کوردستان و شاری مەهابادی کرد. لە برگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا پەیامی پرسە و هاودەردیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە بەو بۆنەیەوە نێردرابوون خوێندرانەوە. هەر لەم برگەیەدا چەند وتەیەک لە لایەن کاک ناسری پیرانی بەم بۆنەوە پێشکەش کرا. هەروەها پەخشانە شێعرێک کە لە لایەن ئەحمەد رەحمانیەوە کە تەعبیری لە خۆڕاگری و نەبەزی شەهید لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکرد پێشکەش کرا. بە دوای ئەو دا سمایل ئاروەند، برای شەهید بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەکەی وتەیەکی پێشکەش کرد. سمایل ئاروەند وێڕای ئاماژە بە بیروبڕوای شۆڕشگێڕانەوەو نەتەوەیی و ئازایەتیی شەهید مەنسوور، چەند بیرەوەریەکی برای شەهیدی گیرایەوە و باسیشی لە وەتەکانی دایکی کرد کە گوتویەتی: با کۆماری ئیسلامی تەرمی کورکەم نەداتەوە خۆ هەر لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان نێژراوە». لە درێژەی قسەکانی دا سپاسی هەموو بەشدارانی کۆڕەکەی کرد و دەست خۆشی لە کۆمیتەی دانمارک کرد بۆ پێک هێنانی ئەم کۆڕیادە بۆ برا شەهیدەکەی.

ئەو حیزب و ڕێکخراونەی کە بەشداری کۆڕی پرسەکەیان کرد و پەیامیان ناردبوو، بریتی بوون لە:

بزووتنەوەی گۆران
- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- فدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردی دانمارک
- پەژاک
- لقی ناوچەی دانمارک ئەنجومەنی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی لە دانمارک
- پارتی ئازادی کوردستان (باکور)
- ئیسیاتیفی کورد لە دانمارک

### کۆڵنی ئاڵمان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٢٠ بەرامبەر بە ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ لە لایان هێزە کوردستانییەکانی جێگیر لە شاری کۆڵنی ئالمان، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەبۆنەی لە سێدارەدانی مەنسور ئاروەند، چالاکی سیاسی کورد و ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتا ئەکسیۆنەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، ئینجا پەیامی هاوبەشی هێزە کوردستانیەکان خوێندرایەوە.

لە درێژەی چالاکییەدا، دەیان نوسخە پەیام و وتار بە زمانەکانی کوردی و ئاڵمانی بە سەر ڕێبوارانی ئەو گۆڕەپانە دا بڵاوکرایەوە. پێویست بە ئاماژەیە کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشووی ئەو دەڤەرە لەو خۆپێشاندان و نارەزایەتییەدا بەشدارییان کرد.

### بریتانیا

کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی جونی ٢٠١٥ خۆپێشاندانێکی ڕێکخست.

لەو خۆپێشاندانەکەدا کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی لەندەن و دەروبەری تێیدا بەشدار بوون، چەندین سروودی شورشگێری پێشکەش کران.

ئاڵای کوردستان و وینەی شەهید مەنسوور و بەشێکی دیکەی زیندانیانی سیاسی ناو چاڵەڕشەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، گۆرەپانی ترافلگارد سکوێری ڕازاندبووەوە و سەرنجی ڕێبوارانی ئەو گۆڕەپانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو.

لە درێژەی چالاکییەکە دا و بە مەبەستی هەرچی زیاتر ناساندنی ئەو کردەوە دژی ئینسانییەی ڕژیم، دەیان بەیاننامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندیدار بە ئێعدامی ئەو تێکۆشەرەی کورد کە وەرگێڕدرابووەوە سەر زمانی ئینگلیسی لە نێو گەشتیارانی بێگانە و ڕێبوارانی گۆڕەپانی بەناودەنگی ترافلگارد سکوێر دا بڵاوکرایەوە.

ڕێبوارانی ئەو گۆڕەپانە پۆل پۆل لە خۆپیشاندەران نزیک دەبوونەوە و سەبارەت بە وێنەکان و هۆکاری خۆپیشاندانەکە پرسیاریان دەکرد و پاش وەرگرتنی ئاگاداری پێویست، پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران نیشان دەدا.

گرینگی ئەو خۆپیشاندانە لە وەها ڕۆژێک دا ئەوە بوو کە جگە لە ڕێژەیەکی یەکجار زۆری گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەوە کە بەو شەقام و گۆڕەپاندا تێپەڕ دەبوون، بوونی فستیڤاڵێکی گەورە بوو لە نزیک شوێنی خۆپێشاندانەکە و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەزاران کەس لەو خەڵکە بێن و پشتیوانی و پشتگیری خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕن و هاوکات بە مەحکووم کردنی ئێعدامی تێکۆشەری کورد مەنسوور ئاروەند، ڕق و بێزاری توندی خۆیان دژ بە ڕێژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریستی ئیسلامی ئێران نیشان بدەن.

### ڤانکۆڤێری کانادا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی ژوئێنی ٢٠١٥ی زایینی، لە ڕۆژئاوای وڵاتی کانادا، شاری ڤانکۆڤێر لە لایەن چەند حیزبی کوردستانی بە مەبەستی مەحکووم کردنی جینایەتی دژی ئینسانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەرحەق بە شەهید کردن و لە سێدارە دانی مەنسووری ئاروەند خەباتکار و تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و هاودەردی کوردانی دانیشتوی ڤانکۆڤێری کانادا لەگەل بنەماڵە سەربەرزی ئەو شەهیدە، خۆپێشاندانێک لە ناوەندی ئەو شارە و لە بەردەم ئارتگالەری ڕێکخست. خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وینەی شەهید مەنسوری ئاروەند و پۆستێر ودروشمەکانی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێزاری خۆیان لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەربڕی.

# ڕاگەیاندراو بە بۆنەی شەهیدبوونی ئاکام تەلاج، یەکێک لە بریندارانی ڕووداوەکەی شاری مهاباد

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

**هاونیشتمانانی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بەداخ و کەسەرەوە ڕادەگەیەنین کە جارێکی دیکە دەستی ڕەشی تاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران گیانی ڕۆڵەیەکی دیکەی ئەم نیشتمانە زامدارەی لێ ئەستاندین. خوێندکاری خاوەن هەڵوێستی کوردی خەڵکی شاری نەغەدە، ئاکام تەلاج کە لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵی شاری مهاباد دا بە گوللەی سەرکوتکەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بریندار کرا، ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕ، دوای ماوەیەک بەربەرەکانێ لە گەڵ مەرگ، گیانی لە دەست دا و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەل و نیشتمانەوە.

لە کات و ساتێک دا هەواڵی شەهیدبوونی ئاکام تەلاجی جوانەمەرگ بڵاو دەبێتەوە کە، هێشتا ڕێورەسمەکانی پرسەو سەرەخۆشیی شەهید مەنسووری ئاروەند، زیندانیی سیاسیی و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد لە نێو بنەماڵەو هاوسەنگەرانی دا کۆتایی پێ نەهاتووەو زام و برینی لە دەستدانی ئەم ڕۆڵە بەهەڵوێست و چالاکەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان سارێژ نەبووەوە.

**هاونیشتمانانی ئازیز!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تێگەیشتن لە کەمتەرخەمیی و گوێنەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم لە حاست پێراگەیشتن بە بریندارەکانی خۆپێشاندانەکانی شاری مهاباد و گرتنە پێشی سیاسەتی سەرکوت و ئەشکەنجەی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بەرانبەر بە گیراوانی خۆپێشاندانەکە، هەر دوای ڕووداوەکانی شاری مهاباد و ڕوو بە "هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ"، نیگەرانیی خۆی لە بارودۆخی بریندارەکان و گیراوانی ڕووداوەکە دەربڕی و سەرنجیانی بۆ لای چارەنووسی بەندکراوانو بریندارەکان ڕاکێشا.

لەم پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی دا ڕوو بە هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ ڕایگەیاند:

"لەم بارودۆخە هەستیارەدا، بە پێویستی دەزانین، دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤو بیروڕای گشتی لەو سەرکوتو هەڕەشانە ئاگاداربکەینەوە کە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چالاکانی بەشدار لە حەرەکەتە ئێعترازییەکان لە گەڵیان بەروڕوون. ئێمە سەرنجتان بۆ لای چارەنووسی بەندکراوانو بریندارەکانی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە ڕادەکێشین. هەر وەها چارەنووسی دەیان بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیتاندا وەبیردێنینەوە کە چەندین کەس لەوان، حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپێندراوەو هیچ دوور نییە ئەو ڕێژیمە بۆ چاوترساندنی خەڵک، گیانیان لێ نەستێنێ."

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبوونی ئاکام تەلاجەوە، لە گەڵ دەربڕینی داخ و پەژارەی خۆی بۆ گیان لە دەستدانی ناوبراو، سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بنەماڵەی تەلاج دەکات و بۆ جارێکی دیکەیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرانبەر گیانلەدەستدانی ئاکام تەلاج دا بە بەرپرسیار دەزانێ.

بە دڵنیاوە شەهید بوونی ئاکام تەلاج و مەنسووری ئاوروەند، نیشانەی زیندویەتی و بەردەوامیی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە و لە کۆتایی دا ئەوە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە بە سەر سیاسەتی "کوشتار"و "سەرکوت" و "ئینکار"ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا سەردەکەوێ.



**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**ناوەندی ڕاگەیاندن**
**٩ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی**

---



# حیزبی دێموکرات، سەمبول‌سازی یا ئوستورەناسی؟

**ئارەش لورستانی**
**و بۆ کوردی: ئاڵەشین**

پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری ڕەوتێکە، کە بە مودێرنیتەی کورد ناودێر دەکرێ، بزاڤێکی مودێرن کە پاش لە سەر کار لابردن و دوورخستنەوەی ڕەزاشا توانی کۆنترۆڵ و ئیدارەی کاروباری کوردستان بەدەستەوە بگرێ، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دابمەزرێنێ و یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا کۆماری ڕابگەیەنێ. پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرکۆماری کوردستانە کە لە پێناو بەرگری لەگەلەکەی ملی بۆ چارەنووسێکی تراژیک ڕاکێشا و بە هۆی داهێنان، خۆڕاگری و فیداکارییەکانی لە مێژوو، زەین و ویژدانی نەتەوەی کورددا وەک ئوستورەیەکی مەزن و سیمبولێکی هەرمان تۆمار بووە.

دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندیش ئەو دوو ڕێبەرەی حیزبی دێموکڕاتن کە توانییان لە قۆناخێکی زۆر هەستیار و قەیراناوی‌دا لە شۆڕشی ٥٧ەوە تا تیرۆری میکۆنووس (پوشپەڕی ١٣٧٢ هەتاوی) بزاڤی میللی ـ دێموکڕاتیکی کورد ڕێبەرایەتی بکەن. هێرشی زیاتر لە یەک دەیەی سەربازانی خومەینی بۆ سەر کوردستان ڕووبەرووی خۆڕاگری و بەرگری گەلێک بوویەوە کە هیوا و ئۆمێدیان حیزبی دێموکڕات و ئەم دوو ڕێبەرە بوو. تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ئوتریش بە دەستی دیپلوماتیکارەکانی کۆماری ئیسلامی و، پاشان تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە ریستورانی میکونوس بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، دیسان چارەنووسێکی تراژیکی بە سەر ڕێبەرانی کورد هێنا.

پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی سێ سیمبول و سێ ئوستوورەی هەرمانی گەلی کوردن، کە ئەگەر بمانەوێ لە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد بگەین؛ دەبێ بیانناسین.

لە ئەدەبیات و فەلسەفەدا دەوترێ: «ئەو گەلەی ئوستوورەی نیە، بێ شووناسە.» کەواتە بۆ تێگەیشتنی گەلی کورد، دەبێ تێگەیشتنێک لە دروستمان لە ئوستوورەکانی ئەو گەلە هەبێ.


ئەو پرسیارەی بە زەینی مرۆڤی ئەمڕۆدا، بە تایبەت تاکێکی خەباتگێڕدا تێدەپەڕێ ئەوەیە کە ڕەنگە پرسیار بکرێ، ئایا لەم هەلومەرجەی ئێستادا سیمبۆل و ئوستووره ساز دەکرێ؟ کێ و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ بە ئوستوره و سیمبول ؟

یەکەم بابەتێک کە دێتە گۆڕێ و شایانی تاوتوێیە ، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بارو دۆخی کۆمەڵگەیەکە، کە بۆ گەیشتن بە ماف مرۆییەکانی خۆی خەبات دەکا. بۆ وێنە کاتێک ڕەزاشا ناچار بوو دەسەڵات بدا بە کوڕەکەی و پادشای لاویش توانایی ئیدارەی وڵاتی نەبوو، کاتێک هێزە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان، بەشێکی بەرینی ئێرانیان داگیر کرد، لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (موکریان) بۆشایی دەسەڵات دێتەگۆڕێ، بوون و هەوڵەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەروەک لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار کراوە؛ خاڵێکی وەرچەرخانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی وزەو هێزی کۆمەڵایەتی بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەبەستداردا بجوولێ و مێژوویەک بئافەرێنێ کە بۆ هەموو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هێمای متمانە بەخۆیی و شانازییە.

مژارێکی کە ڕەنگە هەندێک جار ببێتە جێی باس و مشتومڕ، ئەوەیە کە ئایا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئوستوره یا سیمبۆلێکی وەک پێشەوا قازی محەمەد بخوڵقێ، یان ئەوەی مرۆڤ بە توانایەکانی خۆیەوە دەبێ بە ئوستووره و کۆمەڵگە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ئاراستەیەکی تایبەت ڕێنوێنی و ڕێبەری دەکا؟

هەتا کاتێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بوون بە سیمبۆل و ئوستوورەبوون بۆ تاکەکەس نەڕەخسێ، قەت ناتوانێ ئەو دەور و بەرپرسایەتییە بگێڕێ، چونکی کەسانێکی زۆر بەتوانا و خاوەن بەهرە هەبوون کە نەیانتوانیوە بەم پێگە و پەلە بگەن و، لە لایەکی دیکەشەوە لەمێژوودا کەسانێک هەبوون کە لە هەلومەرجی لەباردا توانیوییانە ببن بە ئوستووره و سیمبول.

بۆ وێنە دوکتور قاسملوو ئەگەر لە حیزبی توودەوە نەهاتبایە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕەنگبوو نەیتوانیبا ئەم دەور و ڕۆڵە دیار و مەزنە بگێڕی، یان ئەگەر نەمر مەلا مستەفای بارزانی و هاورێکانی نەچوبانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قەت نەیانتوانیبا بناخەی



**« ئەو گەلەی ئوستوورەی نیە، بێ شووناسە ». کەواتە بۆ تێگەیشتنی گەلی کورد، دەبێ تێگەیشتنێکی دروستمان لە ئوستوورەکانی ئەو گەلە هەبێ.**

شۆڕشێکی بەم شێوەیە مەزن و بەربەرین لە باشووری کوردستان دابڕێژن. کاتێک لە کۆمەڵگەدا ئوستووره و سیمبول بوونی هەیە، تایبەتمەندییە ئەرێنییە مرۆییەکانی وەک دڵۆڤانی، فیداکاری و بەزەیی و .... هتد لە ئاستێکی بەرزدا خۆ دەنوێنن و ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناخەش، ئەدەبیاتی حەماسییە، کە دەبێتە هۆی هەڵخڕانی کەفوکوڵی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک.

لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدان و کارکردی ئوستووره بۆ هەماهەنگ کردنی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی چۆنایەتی کۆمەڵگە ئەوەیە کە هەروەک دەوترێ هەموو کۆمەڵگەکان ئوستووره وەردەگرن و تەنانەت ناتوانن لەو مژاره خۆ ببوێرن.

گەلی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا خاوەن شوناسێکی دیار و ئوستووره و سیمبۆلی ناسراوە کە نەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی دێموکراتیکی خۆی بە ئاسانی کەڵک لە هیز و وزانە وەربگری، ئەوان خوڵقاندوویانە و، خەبات و شۆڕش لە قۆناغ و هەلومەرجی نوێتردا بەرەو گەیشتن بە ئامانج پێش بخا. شرۆڤەی بارودۆخی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد نیشان دەدا لە کاتی ئێستادا نیشانە و سیگناڵێک بۆ سەرهەڵدان و خوڵقانی سیمبول و ئوستووره بەدی ناکرێ. زیندوویەتی کۆمەڵایەتی و شیرازە مێژووییەکانی گەلێک، پێکهاتەیەکی تۆکمەیە پێکهاتوو لە بەشی جۆراوجۆر، کە سیمبۆل و ئوستووره تەنیا بەشێکی پێکدەهێنن و ئەرکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتۆر کە لە کاتێکی شیاو و لەباردا ئەکتیڤ ببێ و بجولێ. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویستی ڕاستەقینەی بزاڤ، کەڵکوەرگرتن لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەی گرووپی و هەرەوەزی، کە نزیکبونەوەی سیاسی و فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە و بێگومان یەکێک لە گرینگترین پوتاسییەلەکان بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد کە بوونی هەیە، سەرنجدان و ناسین و کەڵکوەرگرتن لە سیمبۆل و ئوستوورەکانی ئەو نەتەوەیە کە لە دژوارترین هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندوە، کە پشتگوێ خستن یا گرینگی‌نەدان بە هەر کام لەو بنەما مێژوویانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بزاڤ یان قەیرانی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئوستووره و سیمبۆلەکانی نەتەوەیەک، بەشێکی جیا نەبووەی شووناس و ناسنامەی گەلێکن کە دەبێ بە کۆمەڵگە و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو بناسێندرێن، بەڵام بەرزی و مەزنی ئەو کەسانە نابێ لە شرۆڤەی دروست دوورمان بخەنەوە و ڕەکێشی داوەری ئیحساسیمان بکەن. ئەگەر ئوستووره و سیمبۆلەکانی گەلی کورد بۆ یەکڕیزی و یەکێتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پەرەپێدان بە بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێ، دەتوانین هێوامان بە سڵامەتی سترەکچەری بزوتنەوە هەبێ، بەڵام ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەموویان بیانەوێ ببن بە سیمبول و ئوستووره، بە کردەوە تاکگەرایی و لێکدابڕان و پڕش و بڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و تاکە ئاکامی ئەم ڕەوشەش هەرەج و مەرەج لە نێوەرۆک و پێکهاتەکانی بزاڤ و تەنگەژەی ڕووخێنەرە.



## لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەیەکەوە

# یادێک لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرگود کەریم علیار و هاوڕێیانی

عومەر باڵەکی

لە قەد پاڵی بەرزاییەک، کانیاوەیکی سارد و ڕوون و سازگار هەڵدەقوڵێ بە ناوی کانی شەکرە. ئەو بەرزایە و ئەو کانیاوە کەوتوونەتە سەر سنوورێکی دەستکردی ئێران - عیراق. چەند سەد میترێک کە لە کانیاوەکە هەڵدەکشێ؛ ئاواییەکانی سەرشیوی مەریوان بەدیار دەکەون لە کانیاوەکەش ڕا لێرەوار و پێدەشتی شلێر دەبیندەرێ کە دەبێتە باشووری کوردستان.

ڕۆژ بەرەو ئێواریێ سەرەونخوون بۆتەوە، سێبەری بەسەر بەشی زۆری پێدەشتی شلێردا کێشاوە. ڕێکەوت، ٨ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٤ی هەتاویە. هێزێکی پێشمەرگە کە بە مەئموریەت هاتبوونە ئەو ناوچەیە، ئامەدەی ڕۆیشتنەوەن. هێزی جێگرەوە گەیشتۆتە جێگا و شەوێکە لەو شووێنە لەگەڵ هێزەکانی دیکە نیشتەجێ بووە. ئەو هێزەی کە مەئموریەتی تەواو ببوو سەر بەهێزی موعینی لە ناوچەی سەردەشت بوو، ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بوو لە حاڵی جێبەجێ کردنی مەئموریەتی پێئەسپێردراو دابوون. کاتی ڕۆیشتن هات، پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون و هێزی زرێواری مەریوان ڕێز ببوون بۆ ئەوەی خواحافیزی لە یەکتری بکەین و دوو مانگی پتر لە بیرەوەری تاڵ و شیرینی ژیانی پێشمەرگایەتی لە بیر و زەینی یەکتردا جێ بهێڵین.

سێبەر بەسەر پێدەشتی شلێر داکشابوو ڕێچکەی پێشمەرگە سازمانی خۆی گرتبوو و ئارام ئارام بەرەو شلێر شۆڕ دەبووینەوە لە زاهیرمان کەیفساز و دڵخۆش بووین کە بەرەو شوێنی کار و تێکۆشانی حیزبیمان لە ناوچەی سەردەشت دەگەڕێنەوە، بەڵام لە هەست و دەروونماندا بریندار بووین؛ چونکە شوێنی ٨ی هاوڕێمان لە نێو ڕێچکەکەماندا بەتاڵ دیار بوو، ئەوان لە تێکهەڵچوونێکی شەڕی «خۆکوژی» شەهید ببوون.

بە داخەوە نزیک بە دووساڵ بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شەڕێکی خۆکوژی ببوو و دوو هێزی دیاری مەیدانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی واتە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کەوتبوونە شەڕێکی بێئاکام و شەهیدبوونی ئەو ٨ پێشمەرگەش لە سۆنگەی ئەو شەڕە دابوو.

لە سەرر رووبارەکە لە تەختایی دەشتی شلێر دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی حیزب چاوەڕوانی گەیشتنی ئێمە بوون کە تێکەڵ بووین؛ زەحمەت بوو هەموومان بناسێ چونکە پێشمەرگەکان ئی چەند کومیتە شارستان بوون، بەڵام چەند کەسێکی دیار لە نێویاندا بوون کە بە هۆی بەرپرسایەتییەکانیانەوە زۆربەمان دەمانناسین (کاک حەسەن شیوەسەڵی، سەرگورد کەریم عەلیار، فەتاح عەبدولی، تاهیر عەلیار و...) دوای تێکەڵ بوون و وەرگرتنی سازمانی ڕۆیشتن ،بڕیاری حەرەکەت درا ڕێچکەی ئەو جارەی پێشمەرگەکان ئەوەندەی دیکە خۆی لە بەریەک کێشایەوە و ماوەی نزیک بە سێ سەعات ڕێپیوان درێژەی هەبوو.

ئارام ئارام لەگەڵ هەنگاوەکانی ئێمە خۆر بە تەواوی پەنای گرت و تاریکی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا، بەڵام زۆری نەخایاند کە مانگ لە کەل هاتەدەرێ و بە ڕووناکی خۆی وێنایەکی دیکەی لە سروشتی جوانی ئەو ناوچەیە نیشانی ڕێبوارانی ماندوو شەکەتی ئەو پێدەشتەدا.

ئەو ناوچەیە سەردەمانێک جمەی ژیانی لێوە دەهات، بەڵام ئێستا چۆڵەوانەیە؛ ئەویش بە هۆی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی ڕێژیمی بەعس کە تەواوی گوند و ئاوەدانییەکانی ئەو ناوچەیە خاپوور کردبوو، دانیشتووانەکەی بەرەو ئوردوگاکانی زۆرەملی ڕاگواستبوو.

ڕێچکەی پێشمەرگە وەک چەند سەعات پێشتر بە گاڵتە و جەفەنگ نەبوو، هەموو بێدەنگ و تەنیا دەنگی هەنگاوەکان بوو کە ئاهەنگێکی بە نەزمی دروست کردبوو کە جار جار دەبیسترا و جار و باریش بریسکەی تەقینەوەی تۆپێک لە دوورەوە بەرچاو دەکەوت و جاروبار دەنگی تەقینەوەکەش دەبیسترا، چونکە ناوچەکە مەیدانی شەڕی ئێران - عیراق بوو. لە پڕدا ڕێچکەی حەرەکەتی پێشمەرگە ڕاوەستاو و گوتویان لێرە دەمێنینەوە. کاتێک نزیک بوومەوە لە بەر تریفەی مانگەشەو شۆێنێکم بەرچاو کەوت کە ئاسەواری دەستی مرۆڤی پێوە دیار بوو، سپیداربەرز و حەوزوکانی و ڕێچکە و ڕیگا هەموویان نیشانی ژیان و ئاوەدانی بوون، ئەو گوندە کاول کراوە وێنەوداڕۆخان بوو «کاتێک خۆر بۆ جارێکی دیکە بە تیشکی خۆی ڕووناکی و گەرمای بە زەوی بەخشی و وڵات بە تەواوی ڕووناک بوو، ئەو کات دەرکەوت کە سروشتی ئەو ناوچەیە چەندە سەرنجراکێشە، ئاسەواری خانووە ڕووخاوەکان کە سەردەمانێک ژیان تێیاندا جمەی دەهات هەر بەپێوە مابوون و هەر لادیوار و خانووە ڕووخاوێک و کۆڵانێکی ئەو گوندە، خۆی هەڵگرێ سەربوردە و مێژوویەکی دوورودرێژی ژیان بوون. ئەو ڕۆژەی لەبەر سێبەری سپیدار و ڕەزودار و دەوەنی گوندی وێرانکراوی «وێنە و داروخان» تێپەڕمان کردەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە هێزەکانی دیکەی حیزب ئاشنا بووین.

ئێوارێیەکی دیکە و حەرەکەتێکی دیکە کە بەداخەوە نەماندەزانێ چ ڕووداوێکی بە ژان چاوەڕوامانە و حیزبی دێموکراتی کوردستان چ خەسارێکی لێدەکەوێ. بەرەو ئاوایی سەیرانبەن کە ئاواییەکی سەرسنووری ناوچەی بانە بوو حەرەکەتمان کرد، سەعاتی ١٠ی شەو گەیشتینە نێو ئاوایی، لەگەڵ ئەوەی مولگەی دوژمنی بەسەرەوە بوو، بەڵام گوێمان پێنەدا، بەسەرماڵەکاندا دابەش بووین. مۆڵەت یەک سەعات بوو، دەبوایە هەم نانێک بخۆین و هەم بۆ سبەی چەند نانێک و پێخۆرێک هەڵبگرین. لە بەر ئەوە پێشمەرگەکان ڕادەیان زۆر بوو و ماڵەکان هەموویان پێشمەرگەی لێبوو، هێندێک لە پێشمەرگەکان شوێنیان وەدەست نەکەوتبوو، هەر بۆیە ڕوومان لە دووکانی ئاوەدانی کرد و کابرای دووکانداریش هەر گەڤەی سمێڵی دەهات. نزیک سەعاتی ١١ی شەو ئاوایی سەیرانبمان جێ هێشت. بەپێی دابەشبوونی مەئموریەتەکان ئەو شەوە و مەئموریەتی تیمی پێشرەو وەبەر پەلەکەی ئێمە کەوت. دیارە ئێمە شارەزا نەبووین پێشمەرگەیەکیان ڕاسپارد لەگەڵمان بێ، ئەو کەسە گورج و گۆڵ و شایی بەخۆیی بوو، خێرا دەگەڕایەوە بۆ لای ڕێچکەی پێشمەرگەکان و دیسان خۆی دەگەیاندەوە ئێمە، لەساڵانی دواییدا بۆم دەرکەوت ئەو کەسە «مامۆستا زێڕە« بوو.

تیمی پێشڕەو دووبە دوو بە مەودایەکی کە یەکتر وون نەکەین و لە سەرەخۆ هەنگاومان هەڵدێناوە، چونکە هەم نابەلەد بووین و هەم هێزەکە قورس بوو، نیزیک پردێک بووینەوە پێیان گوتین زۆربەی جاران لێرە کەمینی دوژمنی لێیە، رامانسپارد هێزە کە هەنگاوەکانیان لە سەرەخۆتر بکەن هەتا ئێمە لە پردەکە دەپەرینەوە، لەو سەروبەندەدا بوو کە سێ وڵاغ سوار لە سەر پردەکە پەیدا بوون، لە بەر مانگە شەو جوان دیار بوو کە هەر سێ کەسەکە لاوونیو سواری وڵاغەکان ببوون هەر کە دەنگمان دان خۆیان فرێدا خوارێ و هەڵاتن هەرچەند بانگمان کردن کە ئێمە پێشمەرگەین مەترسێن، نەگەڕانەوە یەکێک لە پێشمەرگەکان چەند فیشەکیکی پێوە نان، بەڵام سودی نەبوو، لە وڵاخەکان توانیمان ئەسپێکیان لە بن پردەکە بگرێنەوە. بە سڵامەت لە سەر پردەکە دەربازبوون و بەرەو ئاوایی مەحمەل ئاوا بەرێ کەوتین لە نزیک ئاوایی یەک دوو فیشەک بە ڕووماندا تەقێندەرا. دوای ئەوە خۆمان گەیاندە نێو ئاوایی ، بەرەو شوێنی تەقە ڕۆیشتین، یەکێک پێشمەرگەکان (....) کابرایەکی لەگەڵ خۆی هێنا کە چەکی کردبوو. کاتێک پرسیارمان کرد بۆمان ڕوون بووە کە ئەوە هەمان کەسە کە تەقەی لێکردوین، هەڵمانپێچا، بەڵام هەر زۆر زوو ڕوون بووە کە بە خەیاڵی خۆی تەقەی لە دز و جەردە کردوە و ئەوانەی ئێمە لەسەر پردەکە تووشیان بووین جەردە و دز بوون و سەعاتێک پێشتر لە نێو ئەو گوندە بووون و بە زۆر پوڵیان لە خەڵک ستاندووە.

ڕێچکەی هێزی پێشمەرگە گەیشتنە نێو ئاوایی و کاک حەسەن شیوەسەڵی کە فەرماندەری هێزی موعینی بوو و ئێمەش سەر بەو هێزە بووین هێندێک پرس و جوی لە ئێمە کرد و دوای ڕووی لە کاک سەرگورد عەلیار دەکرد و دەیگوت «کاک زانا» چ بکەین باشە، ئەو کابرایە کە تەقەی کردوە لەگەڵ خۆمانی بەرین یا ئازادی بکەین؟ چەکەکەی پێ بدەینەوە یا نا؟ و کۆمەڵێک پرسیار و وڵامی لەو بابەتە لە نێوان کاک حەسەن شیوەسەڵی و کاک سەرگورد عەلیاردا ئاڵوگۆڕ کران.

لەو نێوەدا خەڵکی ئاوایی مەحمەل ئاوا کە لە دەورووبەرمان کۆ ببوونەوە هەر کەس لە بەرخۆیەوە ڕێنوێنی دەکردین و ئاگاداری دەداینی کە هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامی هاتۆتە پایگای «نەهێنی» و ئەحتماڵ هەیە هێرش بکە، دەیانگوت بە چاوی خۆمان دیتومانە .... ئێوە هەوڵ بدەن بچنە پشتی ئاوایی وشترمل، بە دەم گوێ لێبوون لەو قسە و باسانە کاک حەسەنی شیوەسەڵی بانگی کردم کە لەگەڵ شارەزای ڕێگاکەدا حەرەکەت بکەین، حەرەکەتمان کرد، هەوازیەکمان لە پێش بوو بەڵام زۆری نەخایاند گەیشتینە سەر بەرزایەکە کە هەمووی بە لێرەوار داپۆشرابوو. لێرەواری ئەوە ناوچەیە بە پێچەوانەی هێندێک شوێن دەون نین، بەڵکوو داری گەورەن و خەڵک لە گەڵای دارەکان بۆ تفاقی زستانی ماڵات کەڵک وەردەگرێ، هەر بۆیە دارەکان لە برین و فەوتان پارێزراون و ئەگەر زۆر شارەزا نەبێ وەک سیاکێو نییە و بەشەو نازانێ کوێ کوێیە.

پەلەکەی ئێمە گەیشتبوو سەرێ و هەر کاممان پاڵمان وەداربەڕێەک دابوو و چاوەڕوانی ستوونی ئەسڵی پێشمەرگەکان بووین، ئەوانیش دوای ١٠- ١٥ دەقیقە گەیشتینە ئەو شوێنە کە بەسەر ئاواییەکانی مەحمەل ئاوا و ناوەدا دەیڕوانی و لە پشت سەرمان تیرەکە باسکێک بوو کە بەرەو ئاوایی وشترمل و بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دەڕۆیشت. نازانم چۆن بوو بڕیار دەرا هەتا بەیانی کە هێندەی نەمابوو ڕۆژ بێتەوە لەو شوێنە ئیستراحەت بکەین و بەیانی بەرەو گوندی ناوە حەرەکەت بکەین. ئەو پەلەی ئێمە کە وەک پەلی پێشڕەو زووتر گەیشتبوونە سەر ئاسوگەکە هەر ئەو شوێنەمان پێ سپیدەڕا و گوتیان هەر پەلە لە شوینی خۆی کێشک دابنێ.

هەموولایەکمان زۆر شەکەت و ماندوو بووین، بەڵام دەبوایە چاوکراوە بین و هەموو ئەحتمالێک لە نەزەر بگرین. هەر لەو شوێنە کێشکی شەومان دانا و قەرارمان دانا هەتا ڕووناکی هەوا نیو سەعات نیو سەعات کێشک بدەین و هەرکاممان لە پاڵ داربەڕوویەک و لە نزیک یەکتر خۆمان بە ئەرز دادا. چونکە دەمزانی پێشمەرگەکان زۆر هیلاکن و منیش هەر وەک ئەوان وا بووم، بەڵام هەست بە مەسئولیەت وای لێدەخواستم پۆستی یەکەم خۆم ڕاوەستم لە دوای خۆم پێشمەرگەیەکم دیاری کرد و لە دوای ئەویش «عەلی بەردەسووری» کە بەداخەوە لە ساڵانی دواییدا بە هۆی تۆپباران لە سونێ شەهید بوو. ماوەی کێشکی خۆم تەواو ببوو نەفەری دوای خۆم هەستاند، هەرچەند پێشمەرگەیەکی باش و بە ئیمان بوو، بەڵام باش دەمزانی تۆزێک خەوخەوە، هەر بۆیە ئەو نیو سەعاتە کێشکی ئەویش بەوێژنیک دان و بە خەبەری تێپەڕم کرد کە گوێم لێ بوو عەلی بەردەسووری هەستاند لە ڕاستیدا خەیاڵم ئاسوودە بوو و لە پاڵ داربەڕوویەکی قەد ئەستوور سەرم وەسەر کیسە خەوەکەم کرد و بێ ئەوە ڕەخت و فیشەکدانەکە لە خۆم بکەمەوە ڕاکشام و چاوم گەرم بوون، پێم وابوو خەون دەبینم لە نێوان خەو و بێداریدا گوێم لە دەنگی عەلی بوو کە دەیگوت کێیە کوڕە؟ دەنگدانی عەلی و دەستڕێژی فیشەک وەک یەک لە نێو دارستاندا دەنگی دایەوە، عەلی وەدەست هاتبوو دەنگی نێرانەی بژی دێموکرات و قرمەژنی تفەنگ تێکەڵ یەک بوون و لهو بەریشڕا هاواری (اللەاکبر) دەبیسترا. دوژمن هێرشی کردبوو، ئێمەش هەر لە شوێنی خۆمان بەرەو شوێنی دوژمن دەستمان کرد بە تەقە. شوێنەکەی ئێمە وابوو کە تەقەی هێزەکانی دوژمن بەرەو ڕوی ئێمە بوو و تەقەی پێشمەرگەکانی دیکەش کە لە پشت سەری ئێمە لە مەیدانێکدا خەوتبوون بە سەر ئێمەدا بەرەو دوژمن بوو، پەلەکەی ئێمە کەوتبوو نێوان دووئاگر هەر بۆیە ڕامگەیاند کەس لە جێگای خۆی نەجوڵێ تا هەلێکی لە بار دەڕەخسێ و بزانین هاوڕێیانی فەرماندە دەڵێن چی. لە سەرەتای دەست پێکردنی تەقەکەدا ئاوری هێزی پێشمەرگە بۆ دوژمن توند بوو، هەربۆیە هەتا ڕادەیەک ئاوری چەکەکانی دوژمن لە کەمی دابوو. ئێمەش هێدی هێدی و بە ئەسپایی و یەک یەک بەدەم تەقەکردن بەرەو دواوە کشاینەوە کە بزانین دەبێ چ بکەین کە هاتینە شوێنی مانەوەی هێزی ئەسلی پێشمەرگە کەسی لێ نەمابوو و جار بە جارێک تەقەمان لە شوێنی دوژمن دەکرد، بۆ ئەوەی دوژمن وانەزانێ کە شوێنە کە چۆڵ کراوە- لە نێوان تاریکی و ڕووناکی بەیانیدا لە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان چەند شتێک دەبینرا کە نەماندەزانی ئەوانە چین ئایا جەنازەی پێشمەرگەیە یا شتی دیکەیە بەجێ ماوە، بڕیارمان دا هەتا ڕووناک دەبێ خۆ بگرین و بزانین دەبێ چ بکەین بۆ کام لا بڕۆین کە لە پڕدا لە پشت سەرمان خشپە خشپ پەیدا بوو پێشمەرگەکان ویستیان تەقەیان لێ بکەن، ئێزنم نەدا گوتم با زیاتر نزیک ببنەوە ئەگەر دوژمن بێ با بێ تەلەفات دەرنەچێ یا ڕەنگە پێشمەرگەکانی خۆمان بن کە نزیک بوونەوە کاتیک کەوتنە بەر لوولەی چەکەکانمان یەکەم کەس کە ناسیمانەوە کاک حەسەن شێوەسەلی فەرماندەی خۆشەویستی خۆمان بوو.

ئەویش ئێمە ناسییەوە و زۆر خۆشحاڵ بوو کە شوێنەکەمان چۆڵ نەکردوە و گوتی هەموو پێشمەرگەکان سلامەتن و بەرەو چەمی ناو حەرەکەتیان کردوە، بەڵام بەداخەوە کاک سەرگورد عەلیار بریندارە ئەوانم بەرێ کردوە، بەڵام کۆمەڵێک مەدارک و ئەسناد لە کۆڵەپشتیدا بەجێ ماون، دەبێ بە هەر قیمەتێک بێ بیانهێنن. دەبوایە سینگ لە ئەرز قائیم بکەینەوە و ئاوری چەکەکانمان بۆ سەر دوژمن توندتر بێ هەتا بتوانین ئەو شتانەی بەجێ ماون وە چەنگیان بخەینەوە و وەدست دوژمن نەکەون. بە شەڕێکی توند و ئاوربارانێکی قورس توانیمان هەموو ئەو شتانەی بەجێ مابوو لهگەڵ خومان بیانهێنین و زانیمان کە دووسەر ئەسپ کە پێمان بوون وە بەر ڕەهێڵەی فیشەک کەوتوون و هەردووکیان تۆپیوون.

هەوا وردە وردە ڕووناک دەبوو بە جوانی دەوروبەری خۆمان دەدیت، بەرەو بەرزاییەکانی» وشترمل و برۆشکانی» هەڵکشاین بە چەند جارێکی دیکە لهگەڵ دوژمن دەرگیر بووین، بەڵام هەموو کاتێک ئەوان پاشەکشەیان دەکرد. دەنگی تەقە لە نێو چەمی ناوەدا دەبیسترا و تۆپبارانێکی قورس لە سەر ئەو شوێنە بوو، بەداخەوە هیچ پێوەندێکمان بە پێشمەرگەکانی دیکەوە نەمابوو. هەتا ئێوارە بە ماندوو بوونێکی زۆر توانرا زۆربەی پێشمەرگەکان کۆبکەینەوە و بەداخەوە دەوروبەری ئێواریێ بوو کە هەواڵمان پێگەیشت کاک سەرگورد عەلیار لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید بوون.

ئێمە پێمان وابوو شەهید بوونی کاک سەرگورد بە هۆی برینەکەی بەیانییەوە بووە، بەڵام کە چووین بۆ گواستنەوەی جەنازەکەی بۆمان دەرکەوت ئەو پێشمەرگانەی لهگەڵی بوون زۆریان زەحمەت لەگەڵ کێشاوە هەتا ئەو شوێنە ئاستمە هێناویانە، بەڵام سەد حەیف و مخابن کە تۆپخانەی دوژمن مەجالی پێ نەداون تەنیا چەندسەد میترێکی دیکەوە سەربکەون و لە تیرڕەسی دوژمن خەلاسیان بێت. لەگەڵ کاک سەرگورد پێشمەرگەیەک بە ناوی ئەبو سەقزی شەهید بوو کە لە تەواوی مەئمورییەتی حیزب لەو ناوچەیەدا لە نزیکەوە ئاگای لە کاک سەرگورد بوو و، بە داخەوە لە ناوچەمی ناوەشدا دوو پێشمەرگەی هێزی موعینی بە ناوەکانی هەمزە بوبانەیی و سولێمان پیرۆتی شەهید بوون.

تەرمی پیرۆزی هەرچوار شەهید بە هاوکاری خەڵکی بە ئەمەک و دڵسۆزی ئەو ناوچەیە هەر ئەو ئێوارەیە بە خاکی نیشتمان سپێردران شەو ساعەتی ١٢ هەموو هێزەکان یەکیان گرتەوە و چەند کادرێکی تەشکیلاتی بانە بەڕاستی لەو هەلومەرجەدا کاریگەری خۆیان هەبوو لە سەر ڕۆحیەی پێشمەرگەکان، پێشمان کەوتن و بەرەو ناوچەی نیروان بەرێ کەوتین. جێگای خۆیەتی لێرەدا باس لەوە بکرێ لە هەمان ڕۆژدا هێزیکی زۆری دوژمن هەولی دابوو پشت سەرمان بگرێ کە پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە نزیک ئاوایی کەندەسوور لێیان وەدەست هاتبوون و زەربەیەکی باشیان لێدابوون.

لە کۆتاییداسڵاوی ئەمەگداری دەنێرم بۆ ڕۆحی کاک سەرگورد عەلیار و هەموو شەهیدانی کوردستان و هیوادارم ڕیگا و ڕێبازیان هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بەردەوام بێ.



# مهاباد گۆمی مەندیی ڕۆژهەڵاتی شڵەقاند!

## لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ جووڵانێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵات!



ئاگری باڵەکی

ڕووداوی کوژرانی کیژۆڵەیەکی مهابادی لە بەهاری ئەو ساڵدا بوو بە هەوێنی هەستانەوەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەندە لەو جۆرە ڕاپەڕین و ڕاسانانە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا جار نا جارێک لە ڕۆژهەڵات لەلایەن خەڵکی خۆڕاگری کوردستانەوە ئەنجام دراوە، بەڵام ڕاسانی ئەو جارەی خەڵکی مەهاباد لە دوای ماوەیەکی زۆر کپ و بێدەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کێشابوو، ئەو بێدەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نەماوە، بەڵام ڕقی پیرۆزی مهابادییەکان وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە پێیان وایە بەرخۆدان و خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە و نەماوە. ئەو گۆمە مەند و دورگە ئارامەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باسیان لێوە دەکرد، لە تراویلکەیەک زیاتر هیچی دیکە نەبوو.

جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە کردەوە بۆ ماوەی دوو دەیە دەچێ جوڵەیەکی ئەوتۆی لە خۆی نیشان نەداوە، لەڕاستیدا فیداکاری و خواستی بەرژەوەندیی گشتی لەلایەن ڕۆژهەڵاتیەکانەوە بۆ باشووری کوردستان ئەو دۆخەی بەدوای خۆیدا هێنابوو، بەداخەوە ئەو فیداکارییەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا جگە لە سست بوونی خەبات لە ڕۆژهەڵات هیچی دیکەی تێدا نەبووە.

**ڕاسانی ١٧ی بانەمەڕی مەهاباد..**

هەرچەندە گیان لەدەست دانی فەریناز خوسرەوانی لە ١٧ی بانەمەڕی ئەو ساڵ بوو بە بیانوویەک بۆ خەڵکی خوێن گەرمی مەهاباد ، بەڵام بنەماکان و هۆکارەکانی ئەو ڕاسانە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕق و بێزارییەیی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیان هەیە. لە ڕاستیدا خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیانوویەک دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە ڕقی پیرۆزی خۆیانی پێ دەربڕن، هەروەک پێشتریش خەڵکی مهاباد لە ساڵی ١٣٨٤ لە کاتی گیان لەدەست دانی شوانە سەید قادر نیشانیان دا، کە دەتوانن هەر کاتێک بیانهەوێ دورگەی ئارامی ئێران بشلەقێنن، کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەر کاتێک بیانهەوێ دەتوانن ناوەندکانی بڕیاردان لە ناوەندی ئێران بلەرزێن.

**جوڵانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بۆ سەر سنورەکان**

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی کوردستان و هەروەها بە جیهانیبوونی کێشەی کورد لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئێرانیش بەپێی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری قەیرانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوخۆیی، درەنگ یان زوو تووشی گۆڕانکاریی جیددی و چارەنووس‌ساز دەبێ.

هەربۆیە دوای ڕاسانی خەڵکی مهاباد و گۆڕانکاری لە ناوچەکە و بەهێزتر بوونی پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵات ، هێزەکانی ڕۆژهەلات و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جووڵاندنی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گروتینێکی دیکەی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەتوانین بڵێن کە ڕاسانی خەڵکی مهاباد و ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ جوڵاندنی هێزی چەکداری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات.

جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان هەڵگری چەند پەیامێک بوو، سەرەتا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پێشمەگەر ماوە و هەرکاتێک کە پێویست بکا ئامادەیە بۆ گیان فیدایی و قارەمانییەتی و لەلایەکی دیکەوە پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەباتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵات نە لە نێوخۆ و نە لەدەرەوەی کوردستان ڕانەوەستاوە و بەردەوامی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵات بوونی نەماوە، جووڵانی خەڵکی مهاباد و چوونی پێشمەرگە پەیامی خۆی گەیاند.



**جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان هەڵگری چەند پەیامێک بوو، سەرەتا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پێشمەگەر ماوە و هەرکاتێک کە پێویست بکا ئامادەیە بۆ گیان فیدایی و قارەمانییەتی و لەلایەکی دیکەوە پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەباتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵات نە لە نێوخۆ و نە لەدەرەوەی کوردستان ڕانەوەستاوە و بەردەوامی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵات بوونی نەماوە، جووڵانی خەڵکی مهاباد و چوونی پێشمەرگە پەیامی خۆی گەیاند**

**لە سێدارەدان و گرتن . .**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دورگە ئارامەکەی لێ تێکچوو بوو، هەوڵی دا بە گرتن و هەڕەشە و لە سێدارەدان مهابادییەکان دابمرکێنێتەوە، کە بەداخەوە لە هەوڵەکانی بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو، گرتنی زیاتر لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە قارەمانە و ناڕوونی چارەنووسیان تا ئێستا نیگەرانییەکانی زیادکردووە، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە لەسێدارەدانی شەهید مەنسووری ئارۆەند بێ ئاگاداری کەس، نیشانەی ئەوە بوون کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندە ژانی بە جەستەی گەیشتووە کە ئاوا بێبەزەییانە دەستی کردوە بە گرتن و کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد.

لەڕاستیدا ڕووداوی مهاباد، گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی شڵەقاند و بۆ جارێکی دیکە خەڵکی ئەو شارە قارەمانە سەلماندیان کە ئامادەن بە پێوە بمرن، بەڵام ئامادە نین لە سەر چۆک بژین!

ڕووداوی مەهاباد پەیامێکی دیکەی بە هیزەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەگەر یەکگرتوو بن و پێکەوە بن، بەهێزتر دەبن هەر بۆیە هەستیاریی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ئەمڕۆ ئەرکێکی مێژوویی لە بەرامبەر تەواوی ڕێکخراوە و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، ئەویش هەڵێنانی هەنگاوگەلی جیددی و پێویست بۆ پێکهێنانی هاودەنگییەک لە زۆربەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.



---

# ڕۆژهەڤی ئێران

## وتووێژ لە دوو ئاستدا



حەسەن شێخانی

١)زیاتر لە ١٨ مانگە کە دانوستانە ناوکییەکان دەستی پێکردۆتەوە و هەنووکە وەک دەگوترێ لە دوایین وێستگەی خۆی دایە. دوای هاتنەسەرکاری حەسەنی ڕوحانی ڕێکارێکی نوێ لە پێوندیی لەگەڵ پرسی ناوکی گیرایەبەر کە لە لایەن ڕێبەریی کۆماری ئیسلامییەوە، بە «نەرمی نواندنی قارەمانانە« ناوزەد کرا. ئەو گەمارۆیانەی خرانە سەر ئێران، لەپاڵ کۆمەڵێک هۆکاریی پێکهاتەییدا، ئێرانیان تووشی قەیرانێکی ئابووریی قووڵ کرد. بە چەشنێک کە مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران(بیخوێننەوە مانەوەی کۆماری ئیسلامی) دروست کرد و ئێرانی ناچار کرد کە بە جیددی بچێتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانەوە. ئەوەی کە خامنەیی دەڵێ: ئامانجی ئێمە لە دانوستانەکان لاچوونی گەمارۆکانە، ڕاستیی ئەو ئیدیعای سەرەوە دەسەلمێنێ. ئێران ناچار بووە کە لە زۆر هەڵوێستی پێشووی پاشەکشە بکا و بەرتەسک کردنەوەیەکی زیاتر لە چوارچێوەی «ئێن پی تی» لە سەر بەرنامە ناوکییەکەی قبووڵ بکا.

نیگەرانی ئێران ئەوەیە کە دەقی ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەک فۆرمۆلە بکرێ کە دەرەتانی بیانووپێگرتن و هەڕەشە لە دەست لایەنی ٥+١ دا بهێڵێتەوە، بۆیە دەیەوێ دەقی ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەک دابڕێژرێ کە دەرەتانی خوێندنەوەی جیاواز نەهێڵێتەوە. بە پێی مەنتقی هێز لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان‌دا زۆرتر خوێندنەوەی زلهێزەکانە کە دواجار دەسەپێنرێ و کاری پێدەکرێ. ئەو کەسانەی لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوییەوە لە پرسەکە دەڕوانن بەدگومانن لەوەی کە ئەمریکا بیەوێ پرسی ناوکیی ئێران بە تەواوی چارەسەر بێ. پێیان وایە کە ئەمریکا لە پرسی ناوکی وەک ئامرازێکی زەخت بۆ سەر ئێران کەڵکی وەرگرتووە و لەمەو بەدواش هەوڵ دەدا بە شێوەیەک ئەو ئامرازە لە دەست خۆیدا بهێڵێتەوە. بۆیە ئێران ئەگەر بۆ لاچوونی مەترسیی ئەمنییەتیی گەمارۆکان هاتۆتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانەوە، زۆرترین هەوڵی خۆی دەدا کە لە ڕێگەیەکی دیکەوە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست نەبێ. هەموو ئەو مقۆمقۆیانەی سەبارەت بە پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی و پرسی سەردانی ناوەندە ناوکی و گوماناوییەکان لە ئارادان لەم چوارچێوەیەدا شی دەکرێنەوە.

بە پێی زۆر نیشانە و داتا، ئەگەری زۆرە کە لە کۆتایی ئەم خولەی دانوستانەکان، ڕێککەوتنێک بکرێ. ئیرادەی دوولایەن، ئەو وەخت و تێچووەی کە لەم ١٨ مانگەی دانوستانەکاندا تەرخان کراوە، پێویستیی کەموزۆری دوولایەنەکە بە ڕێککەوتن، ئەو ڕێگەی تا ئێستا بڕیویانە و ئەو پێشکەوتنانەی تا هەنووکە لەم پرۆسەیەدا بەدەست هاتوون و دەرەنجامە نەرێنییەکانی شکستی دانوستانەکان، لەو نیشانە و داتایانەن کە باسی کرا. ئەگەر دان و ستانەکان بۆ ئێران تا ڕادەیەک جێی قبووڵ بێ و بتوانێ بۆ لایەنگرانی پاساوی بدا و لە ڕوویەکی دیکەوە وەک خۆیان دەڵێن مەترسییەکی گەورتر لە گەمارۆکان، ڕووبەڕووی ئێران نەکاتەوە، ڕێککەوتن دەکرێ.

٢)ئەو دانوستانانە، وتووێژن لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا و لەگەڵ «ئەمریکای دوژمن» و هێزگەلی دیکەی جیهان. لەم ماوەی دوایی‌دا لە فەزای سیاسیی ئێراندا باسی وتووێژێکی دیکەش لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی‌دا دەکرێ. لەو «بەربانگە سیاسییەی» کە لە لایەن حەسەن ڕوحانی پێکهات پێشنیاری «وتووێژی نەتەوەیی لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا» لە لایەن غولامحوسێن کەرباسچی سکرتێری حیزبی کارگوزارانی بنیاتنەر، کراو لە لایەن ڕیفۆرمخوازانەوە پێشوازیی لێکرا. قسەکەیان ئەوەیە مادام کە دەتوانن لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا و لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە وتووێژ بکەن بۆچی لە ئاستی نێوخۆیی و لە نێوان باڵەکان و ڕەوتە سیاسییەکاندا ئەو وتووێژە ناکرێ!

لە ئێراندا کۆمەڵێک کەلێن، لەوانە: کەلێنی نێوان دەوڵەت-نەتەوە، کەلێنی نێوان باڵەکان و فەزایەکی سیاسیی دوالیستیی هەیە. بە هۆی ئەوەی کە بەستێنێکی دێموکراتیک بۆ تەعامول و لێکتێگەیشتن و کێبەرکێی سالم لە نێوان بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان لە ئاردا نییە، چەشنێک دوژمنایەتیی سیاسی هەیە و باڵێکی دیاریکراو بە پشت بەستن بە ڕانت و ئامرازە حاکمییەتی و ئەمنییەتییەکان، دەیەوێ یاریی سیاسی بە شێوەی سفر و یەک بەڕێوەبەرێ و ڕەوتێکی سیاسی بسڕێتەوە. لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازانەوە فەزای سیاسیی ئێران لە ڕابردوودا هەندێک برینی هەڵگرتووە و پێویستە بە وتووێژ سارێژ بکرێن.

لە ئێراندا بە هۆی لاوازیی فەزای گشتی و نەبوونی دەرەتانێکی جێگیری وتووێژی عەقڵانی، تێگەیشتنێکی هاوبەش لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوونی نییە. ئەمەش لەو هۆکارانەیە کە وایکردووە تا ئێستا کۆدەنگییەکی پێویست لە سەر پێناسەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئامرازەکانی هێز و ڕوانین بۆ گەشەسەندن و، بە گشتی ئەرکەکانی حکومەتداری پێک نەهاتبێ.

بە هۆی نەبوونی چەند حیزبی سیاسیی بەهێز و گشتگیر کە خاوەنی بەرنامە و مەرامنانەی ڕوون و دیاریکراو بن، چەشنێک ناڕوونی لە فەزای سیاسیدا بوونی هەیە ئەمەش وایکردووە کە باڵ و ڕەوتە سیاسییەکان لەنێو خۆیاندا لە سەر بەرنامە و ئیستراتیژیەکی کۆنکرێت ساغ نەبن و بەم هۆیەشە کە شاهیدی دەنگی جیاواز و تەنانەت ناکۆک بەیەک لە هەرکام لە باڵەکانین. ئەمەش کۆسپێکی بەردەم ئەو وتووێژەیە کە بۆتە جێی باس.

فشاری گەمارۆکان و دەرەنجامەکانی بۆ سەر ئابووریی ئێران، کۆماری ئیسلامی ناچار کرد لە ئاستی دەرەوەدا مل بۆ وتووێژ بدا، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزە لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا هەیە کە ڕەوتی زاڵی نێو سیستم ناچار بە وتووێژ لە ئاستی نێوخۆیدا بکا؟!

# HDP و حکومەتی هاوپەیمانی



عەزیز مەعروفی

هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ٧ی ژوئەنی مانگی ڕابردوو، وێڕای هەموو شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی بۆی دەکرا، کۆتایی هات. ئەو هەڵبژاردنە کە بە یەکێک لە هەڵبژاردنە گرینگەکانی تورکیە لێی دەڕوانرا، هەدەپە، لە ئاست ١٩ پارتە بەشداربووەکەی دیکە بە تایبەت سێ پارتی سەرەکیی؛ ئاکەپە، جەهەپە و مەهەپە، بە سەمبولی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکە چاوی لێ دەکرێ . زۆر لایەن لە تورکیەدا، بە هێندێک دەنگی نێوخۆدی هەدەپەشەوە، هەروەها زۆر لێکدانەوە و بۆچوونی دەرەوەی تورکیەش، هێندێک لەوانە لە ڕووی مەبەست و هێندێکیش لەبەر نەبوونی زانیاری ورد، هەوڵ دەدەن، سەرکەوتنی هەدەپە، بە دەنگدەری چەپ، سۆسیالیست و ئازادیخوازی تورک ببستنەوە! ئەوە ڕاستە هەدەپە، توانیویەتی لە عەرەب، ڕۆمان، ئاشوری، عەلەوی و یەزیدی نوێنەر بخاتە پارلمان، بەڵام ئامارەکانی پاش هەڵبژاردن دەریخست کە ئەو پارتە لە کۆی ٦میلیۆن دەنگ ٥ میلیۆنی لە کوردستان هێناوەتەوە. جیا لەوە، ئەگەر حەشیمەتی کورد لە شارە گەورەکانی وەک ئیستانبوڵ لەبەر چاو بگرین، ئەودەم سەرچاوەی دەنگەکانی ئەو پارتە باشتر دەردەکەوێ. هەدەپە لە ٢٣ ئوستانی کوردستاندا، لە ١٤ ئوستان، پارتی سەرکەوتوو و یەکەمە. لە کۆی ٨٠ نوێنەر، ٦٠ نوێنەری لە کوردستان بردۆتەوە کە دەکاتە دوو هێندەی نوێنەری ئاکەپە لە کوردستان. کەواتە، ئەو سەرکەوتنە ئەوەندەش قەرزداری چەپ و سۆسیالیستی نێو تورکیە نییە کە بانگەشەی بۆ دەکرێ. بەڵکو ڕووداو و پێشهاتەکانی نێوخۆی تورکیە، کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، شەڕ پێفرۆشتنی داعش بە کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، وەستاندن و بەرەوپێش نەبردنی پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی کورد، پشتکردنی ئەردۆغان و پارتەکەی لە هەڵوێستی پێشوویان لەسەر کێشەی کورد، هەروەها پشتیوانی ئەو وڵاتە لە گرووپی تیرۆریستی داعش و تەڕاتێنی چەکدارانیی لە تورکیەڕا بۆ ڕۆژئاوا، هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان گورزیان لە ئاکەپە وەشاند. کوشتاری ڕۆبۆسکی و گوێ ئاخنینی دەوڵەت لە ڕوونکردنەوە و بە حقوقیکردنی کۆمەڵکوژییەکە و هەروەها لە ڕۆژی جێژنی قوربان‌دا کە ئەردۆغان مزگێنی کەوتنی «کۆبانێ» بە ئاوارە کوردەکانی ڕۆژئاوا دەدا، هەدەپەیان بەو سەرکەوتنە گەیاند. وازهێنانی «هودا کایا» و کەسایەتی کەسایەتی کورد «بەنگیر میر محەمەد فورات» دوو لە دامەزرێنەرانی ئاکەپە و چوونیان بۆ نێو هەدەپە ڕاست لە سەر کێشەی کورد و دەمەقاڵەیان لەو بارەوە لەگەڵ ئەردۆغان بووە. بەم جۆرە ئاکەپە، لە بەرامبەر هەدەپە بە جۆرێک تێکشکا کە گوتاری «ئێمە گەورەترین پارتی کوردین» کۆتایی پێهات.

وەک دەزانین ڕێژەی کورسییەکانی ٤ پارتە براوەکەی ٧ی ژوئەن بەم جۆرەیە: ئاکەپە ٢٥٨، جەهەپە ١٣٢، مەهەپە ٨٠، هەدەپە ٨٠ کورسی. هیچ کام لەم پارتانە نەیانتوانی ڕێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکوومەت بەدەست بێنن. ئاکەپە لە ٣ی ئۆکتوبری ٢٠٠٢وە، واتە سێ دەورە بەدووی یەکدا بە تەنیا حکوومەتی لەبەر دەستدا بوو، ئەم جارە ڕێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نەهێناوەتەوە، ناچارە لەگەڵ یەکێک یان دوو لە پارتە براوەکان، حکوومەتی کوالسیۆن واتە پەیمانی پێک بێنێ. ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی: ئاکەپە-جەهەپە: کەماڵ کلیچدار ئۆغلوو، سەرۆکی جەهەپە بە شێوەیەکی کراوە لە سەرەتاوە باسی لە هاوپەیمانی کرد. ئەو پارتە بۆ پێکهێنانی حکوومەت و چوونە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکەپە چەند مەرجی هەن؛ داود ئۆغلوو مافی کرانەوە بە سەرۆک وەزیرانی نەبێ، سیاسەتی دەرەوەی تورکیە سەرلە نوێ دابڕێژرێتەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ٤ وەزیرکەی ئاکەپە و کەیسی گەندەڵی حکوومەتی ئاکەپە بکرێ. ئەو پارتە پێی وایە دەکرێ لەسەر ئەو خاڵانە دانوستان بکرێ بە مەرجێک وەزارەت و پۆستەکان بە شێوەی عادڵانە دابەش بکرێن. ئاکەپە-مەهەپە: دەوڵەت باغچەلی، سەرۆکی مەهەپە ( پارتی ڕەگەزپەرەستی تورکیە) ئەویش بۆ چوونە نێو هاوپەیمانی چەند مەرجی هەن؛ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر کەیسی گەندەڵی حکوومەتی ئاکەپە بکرێ، ئەردۆغان کۆشکە تازەکەی لە «ئاک سەرای» چۆل بکا و بچێتەوە کۆشکی پێشوو، واز لە خەونی سیستمی سەرۆکایەتی بێنێ، هەروەها پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری هێڵی سوور بێ. باغچەلی وێڕای ئەو مەرجە قورسانە چەند ڕۆژ لەوە پێش دەڵێ: بۆ ئەوەی وڵات تووشی قەیران نەبێ و بێ حکوومەت نەبین و ئاکەپە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، دەستە و داوێنی بەدخوازان – مەبەستی کوردەکانە- نەبێ، ئێمە ئامادەیین ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرین. ئاکەپە-هەدەپە: سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ ناچێتە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکەپە، بەڵام ئامادەیە بە شێوەی لاوەکی (کەمایەتی) پشتیوانی لە هاوپەیمانی جەهەپە- ئاکەپە بکات. دەمیرتاش مانگی مارس لە کۆبوونەوەی پارتەکەی‌دا سەبارەت بە قسەکانی ئەردۆغان کە وتی «کێشەی کورد لە تورکیە نییە» و « کورد هەموو مافێکی لەو وڵاتەدا هەیە» زۆر بە ڕاشکاوی وڵامی ئەردۆغانی دایەوە کە «هەتا هەدەپە لەو وڵاتە هەبێ، هەتا ئەو پارتە نووزەیەکی لە سینگی‌دا بمێنێ، ئەتۆ نابی بە سەرۆک، هەرگیز ناهێڵین بی بە سەرۆک» هەدەپە دەڵێ لەسەر قەول و بەڵێنیەکانی خۆمان کە بە خەڵک مان داوە، سوورین. جیا لەوە، بەپێی پرۆسەی نەئاشتی نەشەڕ، دەبا ئاکەپە مەیلی زۆری لە خۆنیشان دابا هەدەپە حکوومەتی لەگەڵ پێک بێنێ. بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان هەم پرۆسەی چارەسەری لە نەورۆزەوە وەستاوە، هەم ئاکەپە هەوڵ دەدا بەهەر شێوەیەک بێ هەدەپە بەشداری پرۆسەی سیاسی حکوومەتی نەکرێ.

**جەهەپە-مەهەپە-هەدەپە:**

ئەو سێ پارتە، پێکەوە خاوەنی ٢٩٢ کورسین. دەتوانن بە بێ بەشداری ئاکەپە حکومەت پێک بێنن. جەهەپە، پاش وازهێنانی «دەنیز بایکال» جۆرێک ڕوانگەی بەرامبەر بە کورد گۆڕاوە، بۆ ئەو پارتە ئاسانە لە حکوومەتێک‌دا بێ کە هەدەپەی تێدایە، بەڵام مەهەپە ڕایگەیاندووە قەت ناچێتە ژێر باری هیچ هاوپەیمانییەک کە هەدەپەی تێدایە، کەواتە ئەو سەناریۆیە کە پێشتر ڕێی تێدەچوو ئێستا سەناریۆیەکی جێی باس نییە. کەواتە ئێستا بەو ئاکامە دەگەین، دوو ئەگەری بەهێز هەن، دوو ئەگەرە بە هێزەکە دەکرێ هاوپەیمانی نێوان ئاکەپە-جەهەپە یان ئاکەپە-مەهەپە پێک بێ. مەرجەکانی جەهەپە جیا لەوەی قورس نین، دووهەم پارتی براوەیە. بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە، وێ دەچێ ئاکەپە مەیلی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ جەهەپە نەبێ چونکە ناچارە ئیمتیازی زۆر بەو پارتە بدا و لەسەر سیاسەتی دەرەوە بەتایبەت سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان ناکۆک بن. هاوپەیمانی ئاکەپە-مەهەپە، بەو هۆیەوە لێک جیا کردنەوەی ئەو دوو پارتە زۆر ئاستەمە و لە زۆربەی سیاسەت و ئامانجەکانیان وێک دەچن، ڕەنگە بتوانن لەسەر پێکهێنانی حکوومەت ساغ ببنەوە، بۆ ئەمە دەبێ سێ ڕاستی لەبەرچاو بگرین؛ ئاکەپە-مەهەپە لەسەر بەشداری پێنەکردنی هەدەپە لە هەموو بوارێکی سیاسی و بەڕیوەبەری‌دا، هاوڕوانگە و هاومەرامن، تەنانەت مەهەپە بە پێچەوانەی جەهەپە بۆ گرتنەبەری هەر چەشنە هێرش و پەلامارێک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئاکەپە هاودەنگ بێ، هەڵوێست گرتنی مەهەپە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلمان لە ١ی تەموزدا و شکانەوەی هەڵبژاردنەکە بە قازانجی ئاکەپە و سەرکەوتنی پالێوراوی ئاکەپە، عیسمەت یەلماز، بۆ سەرۆکایەتی پارلمان، مەهەپە و ئاکەپەی زۆر زیاتر لە جاران لێک نیزیک کردۆتەوە. لە ڕۆژی هەڵبژاردنەوە هەتا ٤٥ڕۆژ ئەگەر حکوومەت پێک نەهێنرێ، ئەوا بەپێی دەستوور دەبێ هەڵبژاردنی پێشوەخت(دووبارە) بەڕێوەبچێ. ئەگەرچی ڕێگاکانی پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی زۆر ئاسانە، بەڵام تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ هەدەپە و چوونی بۆ نێو پارلمان و سەرکەوتنی لە کوردستان، وایکردووە پارتەکانی دیکەی تورکیە بە ئاسانی ئەو سەرکەوتنەی هەزم نەکەن. ئەگەرچی هیچ بیانوویەکی شیاو بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە گۆڕێدانییە، کەچی وێڕای ئەوە نابێ لەبیرمان بچێ «دیموکراسی» تورکیە تەنیا ڕووی نەخشێندراوی سەر ڕووی کاغەزە، ئەگینا دەبوو، بوونی هەدەپە وەک دەرفەت و ڕێکار بۆ چارەسەری کێشەی کورد لێی ڕواندرابا.




**تێپەڕاندنی ڕێژەی ١٠٪ هەدەپە و چوونی بۆ نێو پارلمان و سەرکەوتنی لە کوردستان، وایکردووە پارتەکانی دیکەی تورکیە بە ئاسانی ئەو سەرکەوتنەی هەزم نەکەن. ئەگەرچی هیچ بیانوویەکی شیاو بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە گۆڕێدانییە، کەچی وێڕای ئەوە نابێ لەبیرمان بچێ «دێموکراسی» تورکیە تەنیا ڕووی نەخشێندراوی سەر ڕووی کاغەزە، ئەگینا دەبوو، بوونی هەدەپە وەک دەرفەت و ڕێکار بۆ چارەسەری کێشەی کورد لێی ڕواندرابا.**

---

## له ڕۆژهەڵاتەوە...

# «تو سووکایەتی دەکەی، کەواتە نیت»!



خالید محەممەدزادە

نووسەری کتێبی«مالێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار» لە سەر فەزای مەجازی ڕۆژهەڵاتی دەنووسێت: «چات و ژووری گفتوگۆکردنیان لە ئەنتەرنیت زیاتر لە مەیدانی فرۆشتنی ئاژەڵ دەچێ وەک لە شوێنێک بۆ گفتوگۆیەکی لە سەرخۆ و ئازاد»(١) هیچ گرنگ نیە لەگەل ئەم قسەیە بین یا نەبین ئەوەندەی هێنانەوەی ئەم رستەیە وەک فاکتێکە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەی فەزای مەجازی ڕۆژهەڵاتی بۆ دەرەوەی ئەم فەزایە و قسە لەسەر کردنی لە نێو کتێبی نوسەران و چالاکانی نارۆژهەڵاتیش.

لە ڕاستیدا ئەم پێناسەکردنە لەو ڕووەوە دێت کە سالانێکە لە فەزای مەجازی لە ئاسترین نزم تێکەل بە تومەت لێدان و پەلاماری هەر ڕەخنە و ڕایەکی جیاواز دەدرێ. هەر جارێک لە پێناو پاراستنی سەرۆک، حیزبێک و زۆرجاریش لە پشتی پاراستنی «گەل» و لە «پێناو گەل» ئەم مەکینە بە بیانوویەک، کومەلێک تۆمەتی هاوشیوە دەبەخشێتەوە. ئەم جۆرە لە دەربرینی پر لە سووکایەتی و تا ئاستی بە جاش نێوبردنی خەڵکی و پەلاماردانی دەنگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لیدوانی سەرۆک و بەیاننامەی حیزبەوە دەبینرێ تا سادەترین ئەندامی حیزب.

ئەم مەکینە لە جنێودان و بی ڕێزیکردن، نەک هەر حیزبی ناشیرین کردوە لە نێو بیروڕای گشتی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو هەوڵی بەرتەسکرنەوە و ویشکاندنی ئەو پانتاییە بچووکە لە ئازادی ڕادەربڕینیش دەدا کە بە هۆی فەزای مەجازی و ماسمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر کراوە و بۆی بکرێ هەمان بێدەنگی و لاڵبونی نێو حیزبیش لەوێ دەسەپێنی.

ئەم گرووپە کە تا دوێنی جنێوفرۆشی نێو کۆر و کوبونەوە داخراوەکانی حیزب بوون و بەشێکیان لە گۆپال بەدەستانی راونانی جیابیرانی نێو حیزب و هۆکاری ئینشعابن لە سایەی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان، هەمان هەڵشاخانی پر لە رقیان گواستوتەوە بۆ ڕەخنەگرانی دەرەوەی حیزب و بۆیان بکرێ هەمان لێکترازانی حیزبی دەگوازنەوە بۆ لێکترازانی کۆمەلایەتی و سیاسی لە کۆی کۆمەلگە و پارچە پارچە کردنی ئەم کۆمەلگەیە، ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن کە بە میتۆدی یا جاشی یا باشی کار دەکەن.

لە راستیدا رای جیاواز، نەقد و ڕەخنە و پێچەوانە بینین بۆ ئەوەیە دەرگەی دیالۆگی لەگەڵ بکرێتەوە. بۆ ئەوەیە بکێشرێتە نێو فەزایەک لە یەکتر دواندن کە لە دواجار مەوداکانی بینین و ڕەخنە و دیالۆگی بەرهەمدار و عەقلگەرایانە فراوانتر بکا. رای جیاواز بۆ ئەوە نیە پەلامار بدرێ و بۆ ئەوە نیە دەرگای هاتنە دەرێی لێ دابخرێ.

فەزای مەجازی بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی فەزای حەقیقیە و ئەم دەنگە جیاوازانەی فەزای مەجازی لە فەزای حەقیقی چەند بەرامبەرن و ناکرێ بە میتۆدی یا لەگەڵ منی یا دژی منی، لەگەڵ جیاوازییەکانی کۆمەڵگە بجووڵێنەوە.

حیزبی سیاسی کە زۆرێک لەم دەنگانە بە ناوی دیفاع لەو، پەلاماری ئاستنزمانەی خەڵک دەدەن؛ دەبێ لە سەر ئەم دیاردەیە بێتە دەنگ و ئەخلاقی سیاسی و دیالۆگی درێژ مەودا و پر بەرهەم فێری ئەندام و لایەنگرانی بکا. وێنەکەی لە هێزێکی رزگاریخوازەوە نەگوازریتەوە بۆ هێزێکی سەرکوتکەر و پەلاماردەر. حیزبی سیاسی و ئەندامانی دەبێ مەوداکانی ئازادی و ئازادی عەقل و ڕادەربرین بەرفراوان بکەنەوە نەک بە هەمان میتۆدی کۆماری ئیسلامی پەلاماری هەر دەنگیک بدرێ کە لەوان ناچن.

هاوکات نابێ لە بیرمان بچێ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ تریبون و هیچ فەزایەکی ئازادیی ڕادەبرینمان نیە، رای جیاواز هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات پەلامار دەدرێ، پێموایە لە دۆخێکی ئاوادا ئەمە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و فەزای مەجازین ئەم پانتاییە لە ڕادەربرین یان بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەرهەم هێناوە و دەبێ ئەم پانتاییە بپارێزێ و بەرگری لێ بکرێ.

هیچ کاتێ بە قەد ئێستا فەزای مەجازی ڕۆژهەڵاتی ناتوانێ کۆکەرەوەی جیاوازییەکان و شوێنێک بۆ بوونی دیالۆگ بێ. بۆیە بەگژداچونەوە و پاشەکشە بەم عەقلییەتە کە پەلاماری سەر دیواری شەخسیش دەدا تەنیا ئەرکی ئەو کەسانە نیە کە سووکایەتیان پێ دەکرێ. بەڵکوو لە پێناو هێشتنەوەی فەزایەکی ئارام و لە سەرخۆ بۆ دیالۆگ، لە پێناو هێشتنەوەی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە جیاوازی بەرهەمهێن دەبێ خاوەندارییەتی لە فەزای دیالۆگ بکەین و مەوداکانی ئازادی ڕادەربرین بەر فراونتر بکەینەوە.

گۆمانی تێدا نیە ئەوەی ئەمرۆ لە فەزای مەجازی دەبینرێ، سبەی دەگوازێتەوە بۆ پاتنایی کۆمەڵگەی کوردی و هێزە شەڕئەنگیزەکان داهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە توشی دارمانی هەمیشەیی دەکەن و دەبێ هەر لە ئێستاوە کلتوورسازی بکەین بۆ فراوانترکردنی مەوداکانی بینین و قسە کردن.

**سەرچاوە:**

**(١) ـ «مالێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار» لە نوسینی فارۆق ڕەفیق لاپەرە ٢٠**

# شێوازی ئاخاڤتن و کاریگەرییەکانی

## لە پەراوێزی جاشایەتیدا



**تەهای ڕەحیمی**

زمان وەک پردی پێوەندیی نێوان مرۆڤ و دیارترین شۆڕشی ئەو بوونەوەرە ئاوەزمەندە لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا، بە چڕی بە نێو هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا شۆڕ بۆتەوە. یان بە واتایەکی دیکە هیچ دیاردەیەکی فیزیکی و واتایی بەدی ناکەین کە لە سنووری زمان دەربچێ و بوونی هەبێ، چونکە لە ڕاستیدا هەر بیر و بیرۆکەیەک ناچارە دواجار بە تونێلی زماندا تێپەڕی و لە ڕێگەی زمانەوە پێناسە بکرێ، هەر بۆیە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ لە ڕێگەی تێپەڕبوون بەو ڕێڕەوەدا لە ژیانی ڕاستەقینە، خۆ دەنوێنن و دێنە بوون.

کاریگەری زمان و سێحری وشە هەر لە سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدان و زمان پژانی مرۆڤەوە گرنگی پێدراوە، لە ڕاستیدا خودی زمان جگە لە هەموو کارکردەکانی دیکە لە پێناو کاریگەریی‌بەخشیندا بەرجەستە دەبێ، هەر بۆیە کە دەگەڕێینەوە لانکەی بیر و سەردەمی سەرهەڵدانی زۆربەی کایە ڕووناکبیری و زانستییەکانی جیهانیش واتە یونان، دەبینین مەزنە بیرمەندانی وەک ئەفلاتوون و ئەرەستوو باس لە گرنگی زمان و کاریگەریی پێشڤەوەچوونی کۆمەڵگە لە ڕێگەی زمانەوە دەکەن.

کوردیش وەک نەتەوەیەکی کۆن و تێکەڵاوێک لە هەموو ئەو گرووپ و لقە مرۆییانەی وەک میتی، هیتی، هالیدی، مانایی، کاسۆیی، مادی و ....... ساسانی، خاوەن پاشخان و پاشەکەوتێکی فۆلکلۆری لە بڕان‌نەهاتوویە؛ کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەربردە و بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەی لەم ناوچە کوێستانییانە ژیاون، کە ئەمڕۆکە نەتەوەیەکی بە ناوی کورد و، زمانێکی بەرفرە و دەوڵەمەندی بەناوی کوردی بە هەموو زار و لک و پۆپەکانییەوە لێ بەرهەم هاتوە؛ لە گرنگی زمان غافڵ نەبووە و لە پەند و ئیدیۆم و پێکهاتەکانی زمانی دا ئەو بەهێزییە ڕەنگی داوەتەوە، وەک: زمان ڕاوەستێ سەر ئاسوودەیە، بە زمانی خۆش مار لە کون دێتەدەر، زمان بەڵای سەرە و ......

مرۆڤ هەموو بوون و نەبوون و گشت کایەکانی ژیانی لە ڕێگەی زمان و وشە و کەرەسەکانییەوە پۆلێن دەکا و باش و خراپ، ئەرێنی و نەرێنی و ....... هتد لێک هەڵداوێرێ. زمانی کوردی کە بە گوێرەی زانستی زمان خاوەن خاڵی بەهێزی مۆرفۆلۆژییە؛ کە نیشاندەری زیندوویەتی و ئەکتیڤی زمانەکەن، توانیوێ سەرەڕای کەند و کۆسپی سەر ڕێگەی و هەوڵی تواندنەوە و لاوازکردنی لە ڕێگەی دوژمنانی ئەو نەتەوەیەوە دەروەستی هەموو چەمک و واتاکانی ژیان بێ و ئاخێورانی لە ئاست هیچ دیاردەیەکدا دەستەوەستان نەکا و زاراوە و دەستەواژەی پێویست بۆ هەموو دیاردەکان دابهێنێ و دابڕێژێ.

زمان موڵکی گشتییە و کەس ناتوانی خاوەندارێتی خۆی بەسەر زماندا بسەپێنێ. کە زاراوە و دەستەواژەکانیش دادەڕێژرێن و دەکەونە چاوچیوەی بەکار هێنانەوە، ئەگەر بە ڕوحی ئاخێوران نامۆ بن، جێ ناگرن و هەر زوو دەخرێنە لاوە (بۆ وێنە پێنووس و لێنووس کە لە بری قەڵەم و کاغەز ئافرێندراون، کە ڕەسەن کوردین). دەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دەستەواژە و زاراوەیەک لە لایەن کۆمەڵگەوە بەرهەم هات و کەوتە نێو وشەکانی زمانەوە، هەتا ڕوح و ئاستی ڕووناکبیری و دەروونی ئاخێورانی گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بە کەسێک و دوو کەس ناسڕدرێتەوە، چونکە زمان هێز لە کووچە و کۆڵان و بن دیوارانەوە وەردەگرێ، نەک لە کاغەز و میدیاوە (کاژێر کە تیڤی ڕووداو بە جێ کاتژمێر (سەعات) بەکاری دەهێنێ)، هەر چەند لە نێو ئاخێورانیشدا کەم نین ئەو کەسانەی جێ پەنجەیان بە سەر ڕەوتی پێشڤەچوونی زمانەوە دیارە، بە تایبەت ئەدیب و شاعیر و زمانزانان.

دەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باس کران، زمان لە ئاستی بەکار هێناندا لە نێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەوە جیاوازیی خۆی هەیە. بەو واتایەی زمان و ڕاوێژی چینی دوکتور و پزیشکان جیاوازە لە ئاخاڤتنی جووتیاران، یان پەیڤینی لاوان جیاوازە لە پیران، دوانی ژنان جیاوازە لە هی پیاوان. قسەش لەمە دا نییە کە زمانی دوانی کامەیان بەهێز و ڕەسەن و پاک و بێگەردە یان تێکەڵ بە وشەی بێگانەیە و هتد، بەڵکوو هەر چینێک لە بەڵگاندن و قسەکردنیدا هەوڵ دەدا بۆ تێگەیاندن و گەیاندنی واتا و ڕوونبێژی، مەبەستی خۆی بەو دیاردانەوە ببەستێتەوە کە ناسیاری دەگەڵیان زیاترە و هەوڵ دەدا بەو دیاردانەی ببەستێتەوە کە لای گوێگر هەستیارترن. هەر لەم ئاقارەدا، شێوازی دوانی کابرایەکی ئاسایی دەگەڵ نووسەرێک، شۆڕشگێڕێک دەگەڵ دژە شۆڕشێک، شوانێک دەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆ و سەرۆکێک دەگەڵ خەڵکی دیکە جیاوازە. هەروەک وتمان زاراوە و وشەکان دەگەڵ ئەوەی بۆ گەیاندن و ناساندنن، هەمیشە لە لایەن قسەکەرەوە هەوڵ دەدرێ زیاترین کاریگەرییش ببەخشێ. هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لکێکی زانستی لە بوار زمان و ئەدەبیات سەر هەڵدەدا و گەشە دەستێنێ بە ناوی شێوازناسی. ئەم زانستە لە شێوازە جیاجیاکانی دەربڕینی زمان دەکۆڵێتەوە و هۆکارەکانی بەدیهاتن و شێوازە جیاوازەکانی بەرجەستەبوونی زمان شرۆڤە دەکا. لە ئاکامی ئەم لکە زانستییەدا دەردەکەوێ هەموو شێوازەکانی زمان بۆ یەک ئامانج هەول دەدەن ئەویش کاریگەری بەخشینە. واتە گەمەکردنی بە کەرەسە زمانییەکان لە پێناو شوێندانان و کارتێکردنی زیاتر. ئاخێورانی هەموو زمانەکان بە پێی ڕوحی زمانەکەیان هەمیشە هەوڵیان داوە زیاترین و کاریگەرترین شێوازەکانی دەربڕین تاقی بکەنەوە. زمانی کوردیش لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەیە.

زاراوە و وشەی «جاش» یەکێک لەو وشانەیە کە زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی بەکار دێنێ، پشتیان لە نەتەوەی خۆیان کردوە و هاوتەریب دەگەڵ داگیرکەران هەوڵی سڕینەوە و قەڵاچووی خەباتکاران و دڵسۆزانی گەل دەدەن و لە بری خزمەت لە پێناو ئازادی نەتەوەیی و پێشخستن و گەشەپێدانی ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوە، خزمەت بە ئامانج و مەبەستی داگیرکەرانی گەل و هۆز دەکەن. دەگەل ئەوەی جاش بە واتا فەرهەنگییەکەی بۆ وەچەی ئاژەڵێک بەکار دێ، بەڵام لە میتافۆر و پراگماتیکدا گوێڕایەڵی و خۆشفرۆشی دەگەیەنێ. هەڵبژاردنی ئەو وشەیە و بەکارهێنانی بۆ ئەم کەسانەی پشت لە نەتەوەی خۆیان دەکەن لە زمانی کوردیدا زۆر بەجێیە و ئاخێورانی زمانە بۆ هەڵاواردنی ئەو توێژە کەسە لە باش و خاس، وشەیەکی فەرهەنگی ڕەسەن و کاریگەرییان هەڵبژاردوە، کە ئەگەر سەرنج بدەین جگە لە واتا میتافۆرییەکەی، کە سەرلەبەرە خۆنان و گوێ لەمستی و پاشکۆیەتی کەسێکی غەیرە خۆ دەبینێ، دەگەڕێندرێتەوە بۆ مانا فەرهەنگییەکەی. ئەم زاراوەی جاش و دواتر جاشایەتی بێ کاریگەر نەبووە لەسەر دەروونیی ئەو کەسانەی ئەو پیشە ناماقووڵەیان ڕەوچاو کردوە. دەگەڵ ئەوەشدا وەک وتمان کەس و لایەنێک ناتوانێ دەسکاریی باری دەروونی قسەکەر بکا، هەتا ئەم زاراوەیە لە هەست و نەستی کۆمەڵگە بسڕێتەوە، چونکی بەکار هێنەر دەبێ لە بواری دەروونناسییەوە وەگری ئەو وشەیە بێ، بەر لە هەموو شتێک ڕاحەت بێ دەگەڵ ئەو وشەیەی بەکاری دەهێنێ، بۆیە گۆڕینی وشە شەپۆلێکی دەروونی گشتی کاریگەریی دەکاتە سەر، هەتا کاریگەریی تاک و گرووپێک. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا هەروەک ئاماژەمان کرد، هەر چین و گرووپێکیش دەتوانی خاوەن شێواز و زاری خۆی بێ. لە پێناوەدا کەسانی ئیلیت و دیاری کۆمەڵگە کە وەک ڕێنوێنیک پێشەنگن، ڕوونکەرەوەی ڕێگەی تاریک و هەوراز و نشێوی پێشڤەچوون، بەدڵنیاییەوە هەوڵ دەدەن شێوازێکی ئاخاڤتنی کاریگەرتر بەکار بێنن، لە پێناو ئاکام و دەرکەوتی ڕوونتر و ئاراستەکراو. کاتێک ئیلیتێکی دیاری کۆمەڵگە خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی جاش دەبوێرێ، بە مانای ئەوەیە نیە لە هەست و نەستی ئەودا قەباحەت و دزێوی ئەم دیاردەیە کەمڕەنگ بووەتەوە یان بە چاوێکی دیکەوە لێی دەڕوانێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە لە ڕیزی بزووتنەوەشدا بێ، بەڵام ئەمە پێوەندیی بە بەکارهێنان و بەکار نەهێنانی وشەیە لای کەسەکە بۆ دەرکەوتی باشتر، یان کاریگەریی دەروونی کارلێهاتووتر لە سەر ئەو کەسانەی لە پرەنسیپەکانی گۆمەڵگە لایان داوە، ئەگینا کەسێک کە دیاردەکە بە دژی ئەو و هاوسەنگەرانی خوڵقاوە و، زیاتر لە هەموو کەسانی کۆمەڵگە زەبرەکەی بەر ڕەوتی هزری و فیکری ئەو کەوتووە، چۆن دەکرێ هەروا سووک و ئاسان لە تاوان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ببوورێ و پێشەنگ بێ بۆ گۆڕینی ڕای گشتیش لەسەر دیاردەکە. بەڵام بە بڕوای نووسەر دەکرێ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە بکرێ بە قەبیحتر نیشاندانی دیاردەکە، دەگەڵ ئەوەشدا وتارێکی نوێتر لەم بوارەدا بخرێتە گەڕ. ئەگینا بەخشین و لێبووردن لە کارێکی بەم شێوە دزێو و ناحەز نە کاری کەسێکە و نەکاری گرووپێک، بەڵکوو قانوون و دامەزراوی دەوڵەتی و دواجاریش گەل دەبێ بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەو کەسانە بدەن بە هەر هۆکارێک تێکەڵ بەم دیاردە نگریسە بووون. دواجار پێویستە گۆمەڵگەی کوردی و بزاڤی کوردی لەو هەنووکە ساتەدا، کە هێزی مرۆیی و پوتانسیەلی گەل لە بەرانبەر دوژمناندا، دەتوانێ لە تاکێکەوە هەتا کۆمەڵێک؛ دەوری خۆی هەبێ، دەبێ هۆکار و فاکتەکانی پەرەسەندن و لاوازکردنی ئەم دیاردە بکۆڵێ و ڕێگەی بنەبڕ و چارەسەی دیارەدەکە بدۆزێتەوە، نەک (طرد)ی هەرچی زیاتری کەسانێکی زۆری کۆمەڵگە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر تێکەڵ بە دیاردەکە بووون. پێشینانی ئێمە لە پێناو قەشقە نیشاندانی ئەم کەسانەی کە پشت لە کۆمەڵگە و گەلی خۆیان دەکەن، بە جۆرێکی جوان و ناسک، وشەیەکی ڕەق و بەبڕشتیان بە سەردا بڕیون، پێویستە هزری هەنووکەیی کۆمەڵگەش دەگەڵ پاراستنی ڕوانگەی باب و باپیرانمان سەبارەت بەو دیاردەیە، لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەوانەی هەموو پردەکانی پشت سەر خۆیان نەڕووخاندوە، بە گوتار و دیسکۆرسێکی نوێ هەنگاو بێنێ.

**پێشینانی ئێمە لە پێناو قەشقە نیشاندانی ئەم کەسانەی کە پشت لە کۆمەڵگە و گەلی خۆیان دەکەن، بە جۆرێکی جوان و ناسک، وشەیەکی ڕەق و بەبڕشتیان بە سەردا بڕیون، پێویستە هزری هەنووکەیی کۆمەڵگەش دەگەڵ پاراستنی ڕوانگەی باب و باپیرانمان سەبارەت بەو دیاردەیە، لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەوانەی هەموو پردەکانی پشت سەر خۆیان نەڕووخاندوە، بە گوتار و دیسکۆرسێکی نوێ هەنگاو بێنێ**

# دۆخی پەنابەرانی کەمپەکانی ئۆسترالیا لە دوورگەکانی «مانوس»و «نارو»

**بیهرۆز بۆجانی**

ئازار و بێ‌ڕێزی، سووکایەتی و دەستدرێژی وشەگەلێکن کە هەلومەرجی پەنابەرانی کەمپەکانی ئۆسترالیای لە دوو دوورگەی «مانوس» و «نارو» لە ناخی زەریای ئارامەوە پێ وەسف بکەین. حیزبی کرێکارانی ئۆسترالیا ڕاست مانگێک پێش ئاگۆستی ٢٠١٣ قانوونێکی پەسند کرد کە بە پێی ئەو قانوونە سەرجەم ئەو پەنابەرانەی کە لە ڕێکەوتی ١٩ی ژولای٢٠١٣ بەدواوە خۆیان بە «گەمێ» دەگەیەنە خاکی ئۆسترالیا ، بەرەو دوورگەی مانوس لە باکووری ئەو ولاتە و دوورگەی «نارو» لە زەریایی ئارام دوور دەخرێنەوە. ئەم قانوون بێ بەزەییانە بەدوای هاتنە سەر کاریی براوەی هەڵبژاردنەکان واتە حیزبی لیبراڵ بەڕێوەچوو. کە زیاتر لە ١٤٠٠ کەس کە نێوەیان ئێرانین لە دوورگەی «مانوس» و نزیک بە ١٠٠ کەسی دیکەش لە دوورگەی «نارو» زیندانی کراون. لە دوورگەی مانوس ٥٠ لەسەدی پەنابەرخوازەکان کوردی فەیلی»ن، هەلومەرجی ئاستەم وناخۆشی زاڵ بەسەر ئەو کەمپانە بە مەبەستی گۆشارخستنە سەر پەنابەرەکان تا بگەڕێنەوە بەرەو وڵاتی خۆیان. ئەمە سەرەکیترین سیاسەتی دەوڵەتی ئۆسترالیایە لە دوای پەسندکردنی قانوونی١٩ی ژولای. هەلومەرجی لەشساغی ئێگجار خراپ و نەبوونی دەوا و دەرمان و پیڕاگەیشتن، ئەشکەنجەی ڕۆحی و تۆقاندنی پەنابەران لە داهاتوویەکی ناڕوون . لەو کەمپانە ڕووداوگەلێکی گەورەی هێناوەتە ئاراوە.

لە فێڤریەی ٢٠١٣ ڕاست ٦مانگ دوای قانوونی ١٩جولای شۆڕشێکی بەرین لە کەمپی «مانوس» سەری هەڵدا کە بە پیلان و فیتی وزارەتی پەنابەری ئۆسترالیا دەیان کەس لە خەڵکی خۆجێی دوورگە بە دار و شمشیر و چەک هەڵیانکوتایە سەر پەنابەران و نزیک بە ١٧٠کەسیان شەل و کوت کرد، لەم نێوانەدا «ڕەزا براتی» گیانی لە دەست دا. هەڵڵاکەی فێڤریە دەنگدانەوەیەکی ئێگجار زۆری هەبوو لە میدیاکانی جیهان و بوو بەهۆی ئەوە کە سەرنجی ناوەندە باوەڕپێکراوەکانی مافی مرڤ بەرەو لای خۆی و ڕووداوە دڵتەزێنەکە ڕابکێشێ و دوای کومیتەی لێکۆڵینەوەی سنای ئۆسترالیا لە ڕاپۆرتێکدا دەوڵەتی ئۆسترالیای بە تاوانبار زانی و کۆمپانیای ئەمنی «جی فۆر ئێس»ی کە ئەرکی پاراستنی کەمپی پەنابەرانی لە ئەستۆ بوو بە کەمتەرخەم ناساند. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی هەژێنەر، دۆخی نالەباری زاڵ بەسەر کەمپی «مانوس» و دەیان نموونەی پێشلکاری دەوڵەتی ئۆسترالیای بە وردی خستە بەرباس.


بە سەردانی سایتی ئەم ناوەندە جێ باوەڕە دەتوانین بە پۆختی ڕاپۆرتەکە بخوێنینەوە «یو ئێن ئێ سی ئار» ڕێکخراوێکی دیکەی جیهانییە کە تا ئێستا دووجار ڕاپۆرتێکی وردی لەسەر پێشل‌کردنی مافی مرڤ لە کەمپەکانی «مانوس» و «مارو» بڵاوکردۆتەوە و هەروەها دەوڵەتی ئۆسترالیای لەم بارەوە بە تاوانبار زانیوە و

ل ٩



**لە ١٤٠٠ کەس کە نێوەیان ئێرانین لە دوورگەی «مانوس» و نزیک بە ١٠٠ کەسی دیکەش لە دوورگەی «نارو» زیندانی کراون. لە دوورگەی مانوس ٥٠ لەسەدی پەنابەرخوازەکان کوردی فەیلی»ن، هەلومەرجی ئاستەم وناخۆشی زاڵ بەسەر ئەو کەمپانە بە مەبەستی گۆشارخستنە سەر پەنابەرەکان تا بگەڕێنەوە بەرەو وڵاتی خۆیان**

# مافی مرۆڤ لە ژێر سێبەری رەشی ستراکچەری نادادپەروەرانە و ناڕێکوپێکی سیاسەت لە جیهان



موختار نەقشبەندی
و. بۆ کوردی: کۆڤان

ئەو کەسانەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و رووداوەکانی جیهان دەکەن، هەمیشە پرسیارێکی زۆری بێ وەڵامی هیوابڕ بە زەینیاندا تێدەپەڕێ، بۆ وێنە بۆ کەس کارێک بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژییەکانی سووریە ناکا؟ بۆ رۆژاوا و ئەوانەی ئیدیعای دیموکراسی دەکەن نابزوون؟ بەسەرهاتی نوقم بوونی ئەو کوچەرانەی بە هۆی خراپی و شپرزی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشتمانیان جێ دێڵن و روو لەو وڵاتە ئازادەکان دەکەن، کەی کۆتایی پێ دێ؟ بۆچی سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییانە هێشتاش نزیک بە میلیاردێک مرۆڤ بە برسێتی دەنوێ و هەندێکیش بەهۆی برسییەتی و کوڵەوارییەوە دەمرن؟ ئەگەر لە ئێران دەژین بەدڵنیاییەوە ئەم پرسیارە لاتان دروست بووە، ئەرێ ئەگەر رێککەوتنی ناوکی نێوان ئێران و رۆژاوا سەر بگرێ، مافی مرۆڤ لە ئێران پشتگوێ دەخرێ؟ بێگومان ترسی پەرەسەندنی توندوتیژی لە جیهان یەکێکە لە کەڵکەڵەکانی ئەو کەسانەی بەدواداچوونی هەواڵ و رووداوەکانی جیهان دەکەن. بەڵام بەڕاستی مەترسی پەرەسەندنی توندوتیژییەکان لە جیهان، لە گۆڕێدایە؟ ئەگەر ئەو مەترسییە هەیە، هۆکارەکەی چییە؟

دامەزراوی توێژینەوەی ئاشتی و ئابووری، کە ناوەندەکەی لە ئوستralیایە، لە راپۆرتی پێوەری ئاشتی ساڵی ٢٠١٤دا رایگەیاند ژمارەی ئاوارەکان بەهۆی شەڕەوە بە زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەس گەیشتوە و ژمارەی کوژراون بەهۆی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە لەو ساڵەدا لە چاو ساڵی ٢٠١٠ سێ بەرابە زیاتر بووە! لەو راپۆرتەدا هاتووە ئاشتی و هێمنایەتی لە رۆژاوا بەرز بۆتەوە و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش توندوتیژی زۆر بووە. بە سەرنجدان بە پێچەڵاوپێچی و پێوەندییەکانی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، ناتوانین کاریگەریی توندتیژی بەشێکی جیهان لەسەر ناوچەکانی دیکە پشتگوێ بخەین، هەر بۆیە وڵاتانی رۆژاوایش دەبێ نیگەرانی تەشەنەی ئەو توندتیژییانە بۆ وڵاتەکانی خۆیان بن، کاریگەریی رەوانی هێرشە تیرۆریستییەکانی حکومەتی ئیسلامی (داعش) لە سووریە و ئێراق لە هێرشە تیرۆریستییەکانی فەڕانسە و چەند وڵاتی دیکەی جیهاندا بەڕوونی دیارە. دیارە توندوتیژییەکان لە جیهان هەموویان هەر تیرۆریستی نین و نابێ سێبەری شەڕ ناوکی نێوان رۆژاوا و رووسیەش لە جیهاندا لەبیر بکەین، چەند حەوتوو لەمەوبەر رووسیە رایگەیاند ٤٠ مووشەکی پێشکەوتووی بالستیکی وشکاڕۆپێو بە جبەخانە ناوکییەکەیەوە زیاد دەکا و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە چەند مانگێک لەوەپێش راگەیەنەکانی رووسیە رایانگەیاند پوتین ساڵی پار لەو کاتەدا کە کریمەی خستە سەر وڵاتەکەی خۆی، ئامادە بوو چەکە ناوکییەکانی بخاتە ئامادەییەوە! تەنیا هۆکاری بەرزبوونەوەی توندوتیژییەکان و بەرزبوونەوەی مەترسیی پێکدادانی رۆژاوا و رووسیە و چین؛ نەبوونی دادپەروەری و دیموکراسیی و مافی مرۆڤە لە پێوەندییە جیهانییەکاندا. پێوەندیی وڵاتان و شکڵگرتنی پەیمانەکان هەموویان لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتەکان دان و نموونەی زۆر لەم بوارەدا دەبینرێ کە بە هۆی بەرژەوەندی ئابوورییەوە مافی مرۆڤ پێشێل کراوە یان پشتگوێ خراوە. تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بە هۆی کارتێکەری و زۆرداری چەند وڵاتێکی زلهێز بە کردەوە بۆتە ئامرازێک بۆ رەوایی بەخشین بە کردەوە بەرژەوەندیخوازانەکانی چەند وڵاتێک، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەنووکە ١٩٣ ئەندامی هەیە (تا ساڵی ٢٠١١) لە هەندێک بواری زۆر سنووورداردا نەبێ، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نیە، ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە دامەرزاوێکی سەر بەو رێکخراوەیە، بە کردەوە گشت رێکخراوەکەی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و لە ١٥ ئەندامی ئەو ئەنجومەنە ١٠ ئەندامی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە نێو ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەبژێردرێن و ٥ ئەندامەکەی دیکەشی (ئەمریکا، رووسیە، چن، ئینگلیز، فەڕانسە) ئەندامی هەمیشەیین و چونکی مافی ڤیتۆیان هەیە، دەتوانن بە بەکارهێنانی ئەو مافە، راوبۆچوونی زۆربەی ئەندامانی دیکە ڤیتۆ بکەن! مافی ڤیتۆ، ئەویش بۆ ٥ وڵات لە نێو ٩٣ وڵاتدا هیچ پاساوێکی دادپەروەرانە هەڵناگرێ و هەر بۆیەش ئەنجومەن توانای چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکانی نیە، مەگەر ئەوەی کە قەیران رووی نەدابێ یان چارەسەرکردنی پارادۆکسێکی زۆری لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو ٥ ئەندامە سەرەکییە نەبێ.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش پاراستنی تەناهی و ئاشتی جیهانی و هەروەها بەکارهێنانی هێز بۆ پاراستن یان گەڕاندنەوەی ئاشتییە، ئەگەر پێویست بێ، بەڵام هەروەک دەبینین بەهۆی دژایەتی بەرژەوەندییەکانی رووسیە و ئەمریکا لە سووریە کۆمەڵگەی جیهانی توانای کۆتاییهێنانی کوشت و کوشتاری لەو وڵاتەدا نیە و بەکردەوە ئەنجومەنی ئاسایش ناکاریگەرە. دیارە لە کارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشدا ئەو بابەتانە کەم نین، لە قەیرانی باڵکان، دەیەی ٩٠ ی زایینی دیسانیش دژایەتی بەرژەوەندییەکانی رۆژاوا و رووسیە بووە هۆی درێژ بوونەوەی شەڕ لە یوگوسلاڤی و کوژرانی سەدان هەزار کەس کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بە کردەوە تەنیا بینەری بوون، ناکارامەیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش لە رووداوی ژینۆسایدی ساڵی ١٩٩٤ی رواندا پەڵەیەکی رەشە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە و، بەڵگەیە بۆ ئامرازبوونی ئەنجومەنی ئاسایش.

نەبوونی نەزم و دادپەروەری لە ستراکچەری سیاسی جیهان و بە تایبەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتان و بە تایبەت ئەو ٥ ئەندامە هەمیشەییەی ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەتیش ئەمریکا و رووسیە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆیاندا بەرژەوەندییە نەتەوەکانیان وەپێش مافی مرۆڤ و دیموکراسی بخەن و بە سەرنجدان بە رابردوو و پێشنەی ئەنجومەنی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بێگومان پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران نەک سەرەتیی دانوستانەکان نییە، بەڵکو تەنیا ئامرازێکە بۆ گوشارهێنان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی رۆژاوا.

رێکخراو نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی وەک ئەنجومەنی ئاسایش لە سەر وێرانەی ستراکچەرە سیاسییەکان، بەر لە شەڕی دوویەمی جیهانی و لەپێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکان دامەزراوە، نەک لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مرۆڤتەوەری، هەر بۆیە هەتا گۆڕانێکی قووڵ لە پێکهاتەی سیاسی جیهاندا نەکرێ، ئەم کارەساتانە هەر بەردەوامن.

بێگومان ئەگەر زلهێزەکان، مرۆڤایەتی و دادپەروەری وەسەروو بەرژەوەندییە نەتەوەیی و غروووری ناماقووڵانەی نەتەوەییخوازانە و تەنانەت دەمارگرژییە بێ مانا حیزبی و بەرژەوەندییە حیزبییەکان بخەن، ئیدی پێویست بە بوودجەی سەربازیی ١٧٧٠ میلیارد دولاری (بوودجەی سەربازی جیهان لە ساڵی ٢٠١٤، دامەزراوی ئاشتی ئێستۆکهۆلم ناسراو بە سیپری) ناکا و بەو بوودجەیە دەتوانین بە جێی وێران کردنی ژێرخانی ئابووری وڵاتان و کوشتنی مرۆڤەکان، هەژاری لە جیهان بنەبڕ بکەن و تەنانەت دەتوانین بە پەروەردە و دیموکراسی مرۆڤایەتی لە دەست خورافاتیش رزگار بکەین. شایانی باسە گەلی زولملێکراوی کورد کە بەشێکی زۆری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشی سێ وڵات کرا؛ وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان و نەبوونی ستراکچەی سیاسی نادادپەروەرانە هەنووکە لە ساڵی ٢٠١٥دا بە جێی توێژینەوە و سەفەر بۆ هەسارەکانی دیکە، خەبات بۆ سەرەتاییترین مافەکانی خۆی، تەنانەت خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و بە خراپترین شێوە لە لایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کە مۆرەی شەترەنجی زلهێزەکانە سەرکوت دەکرێ. دەگەڵ پێشکەوتنی خێرای تێکنۆلۆژی و دروستکردنی چەک و تەقەمەنی پێشکەوتووتر و ئیمکانی فەوتاندنی تەنانەت ژیانی رووەکی لە گۆی زەوی، لە ئەگەری هەڵاییسانی شەڕی سێیەمی جیهانیدا، گۆڕینی ستراکچەری سیاسی جیهان و کۆتاییهێنان بە هەڤرکێ زیانبەخش و بێ کەڵک و ناماقووڵەکانی نێوان مرۆڤ و دامەزرانی دیموکراسی و مرۆڤتەوەری لە هەموو کاتێک پێویستر دەکا.



**گەلی زولملێکراوی کورد کە بەشێکی زۆری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشی سێ وڵات کرا؛ وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان و نەبوونی ستراکچەی سیاسی نادادپەروەرانە هەنووکە لە ساڵی ٢٠١٥دا بە جێی توێژینەوە و سەفەر بۆ هەسارەکانی دیکە، خەبات بۆ سەرەتاییترین مافەکانی خۆی، تەنانەت خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و بە خراپترین شێوە لە لایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کە مۆرەی شەترەنجی زلهێزەکانە سەرکوت دەکرێ**




## درێژەی: دۆخی پەنابەرانی کەمپەکانی ئوسترالیا لە دوورگەکانی «مانوس»و «نارو»

هاوکات گۆشارەکانی لەسەر دەوڵەتی ئوسترالیا درێژەی هەیە.

کۆنڤانسیۆنی دژ بە ئەشکەنجەی رێکخراوی نێونەتەوەیی بە پێی راپۆرتێک؛ دەوڵەتی ئوسترالیای بە ئەشکەنجە و ئازاری سیتماتیک و داڕێژراو شەرمەزار کرد . کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی ئوسترالیا و رێکخراوی پشتگیری لە پەنابەرانی ئەم وڵاتە هەرکامیان لە ڕاپۆرتگەلێکی جیاجیا گۆشاریان خستووتە سەر ئەو وڵاتە بۆ پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی لەسەرقانوونی ناسراو بە ١٩ جولای. بەڵام دەیان ڕاپۆرت و گۆشاری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هاوکات لەگەڵ سەدان رێپێوان و نارەزایەتی دەربڕین لە سەرجەم شارەکانی ئوسترالیا تاکوو ئێستا نەبوونەتە گۆشارێکی وا کە دەوڵەتی ئوسترالیا لە بڕیار و قانوونی خۆی پاشگەز ببێتەوە، بەڵام ئەم دەوڵەتە (ئوسترالیا) هێشتا لەسەر سیاسەتی خۆی لە بارەی نیشتەجێکردنی پەنابەران لەو دوو دوورگەیە سوورە.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی مەرگی پەنابەرێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی «حەمید خزایی» لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لە کەمپی «مانوس» دیسان ئەم رووداوانە کەوتنەوە بەرباسی میدیاکان. ئەو پەنابەرە ئێرانییە بەهۆی چڵککردنی لاقی کە مێشی ئوستووایی پێوەی دابوو و هەروەها پێرانەگەیشتنی بە وەخت بوو کە مرد. لە راستیدا مەرگی ئەم لاوە ئێرانییە سەلماندی کە دۆخی تەندروستی و پاک و خاوێنی ئەو کەمپانە باش نیە. رووداوێک کە بوو بە هۆی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی بەرفراوان لە وڵاتەکە و ئامادەبوان خوازیاری داخستنی کەمپی مانوس بوون. بەڵام دیسان دەوڵەتی (کۆنزەڤاتیڤی) ئوسترالیا لەژێر ئەو هەموو فشارە تەسلیم نەبوو، لە دووڕگەیەکی دیکە واتە «نارو» کە بنەماڵەیەکی پەنابەر لەگەڵ منداڵانی کەم تەمەن لەوێدا دیلن، ڕاپورتگەلێکی دڵتەزین لە لایەن کومیتەی لێکۆڵینەوە سەنای ئوسترالیا لەمەڕ رووداني چەندین جار دەستدرێژی کردن سەر ژن و کچ و منداڵان بڵاوکراوەتەوە، کە بوو بە هۆی هاتنە ئارای دۆسیەیەکی گرینگ لە داداگای باڵای ئوسترالیا، کە ئەم دۆسیە گرینگە هێشتا دانەخراوە، پتر لە ٤٠ جار دەستدرێژی لە ڕاپۆرتی سەنای ئوسترالیا تۆمار کراوە، لە ژانویەی٢٠١٥ مانگرتنێکی گەورە بە بەشداری ٩٠٠ کەس و لە ماوەی دوو حەوتوو لە جەزیرەی مانوس بەڕێوەچوو، لە دەهەمین رۆژی ئەم مانگرتنە مەدەنییەدا پۆلیسی ویلسۆن و پۆلیسی گینە بەوپەڕی توندوتیژییەوە هێرشیان کردە سەر مانگرتووان و ئەوانیان لە بەندیخانەی «سی ئای ئیس»ی دووڕگەکە لە هەلومەرجێکی نالەبار زیندانی کرد. ئەم رووداوە هەمیسان لە لایەن میدیاکان و رێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤەوە سەرنجی پێدرا، دزەکردنی فیلمێک کە تێدا نێشان دەدرا زیندانیانی پەنابەر لە بەندیخانە ئەشکەنجە دەدرێن بوو بە هۆی ئەمە کە گرۆپێک لە پارێزەرانی مافی مرۆڤ دۆسیەیەک دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئوسترالیا و وەزارەتی پەنابەرانی «گینە» لە دادگای باڵای گینە ئامادە بکەن. لە هەنگاوی یەکەم ئەم پارێزەرانە دۆسیەی ٢٣ کەسیان خستە بەردەم دادگا. لە قوناخی دواتر ٢٧٧ کەسی دیکە کە لە زیندان ئەشکەنجە دراون بەم دۆسیەیەوە زیاد بوون. رێکەوتی بەڕێوەچوونی دانیشتنێکی دیکەی دادگای باڵای گینە ١٧ی ئاگۆستە، مەبەست لەم دادگایە شەرمەزار کردنی وڵاتانی گینە و ئوسترالیا»یە و هەروەها داخستنی کەمپی مانۆس و قەربووەکردنەوەی سەرجەم ئەو زیان و خەسارەیە کە لە پەنابەران کەوتووە.

**بیهرۆز بۆچانی/زیندانی کەمپی مانۆس، ٢٨ی ژوئەن ٢٠١٥**

# کێ تەلیسمەکەی شکاند؟!

## (لە بارەی هێندێک مقۆمقۆی پێوەندیدار بە سەرسنوورەکانەوە)

**سامان کەریمی**

چالاکبوونەوەی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێداگرتن لە سەر ڕۆژهەڵاتتەوەریو گرنگیدان بە تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات لەم ساڵانەی دواییدا، شانازییەکەی پێش هەموو لایەنێک هی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. ئەم حیزبە بوو کە بە چالاکییەکانی، هیوای بە پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا زیندوو کردەوەو بووە هاندەرێک بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چی دیکە دەست لە سەر دەست دانەنێنو تەکانێک لە خۆیان بدەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای زیندووکردنەوەی هومێد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گیانی تێکۆشەرانی بە نرخی وەک شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، محەممەد نەدیمی، بێهرووز ڕەزا نەژادو هەژار قاسمی مایەی داناوە. ئەوە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بوون کە تەلیسمی تێپەڕبوون لەو سنوورانەی- بە هێزەکانی سوپای پاسدارانو تەنرابوون- شکاندو بە مانەوەی چەند مانگە لە نێو خەڵکی پێشمەرگەپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وەشاندنی زەبر لە کەمینی جاشو پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕاستییەیان بۆ لایەنەکانی دیکە جاڕ دا کە ئەگەر هێزێک بیهەوێ و ئیرادە بکا، بەو مەرجەی ڕۆڵەی خاراوی مەیدانی خەباتو لاوانی پڕ لە باوەڕ بە خەبات لە نیو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەبن، دەتوانێ ئەو شتانەی بە نامومکین دەزانرێن، بیانخاتە واری جێبەجێکردنەوە.

ئەوە جێگای خۆشحاڵییە کە لایەنەکانی دیکەش هەوڵ دەدەن لەو کاروانە پڕشانازییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڕێی خستەوە بەجێ نەمێنن. بەڵام ئەوە جەفایە کە هێندێک کەس، بە کەوچکێک ئاو کەوتوونە مەلە کردنو بە خێرایی ئەم ڕاستییە لە بیر خۆیان دەبەنەوە! بێ ئەوەی شەرمێک لەو خوێنانەو لەو گیانانە بکەن کە لە پێناوی کردنەوەی ڕێگا پڕ لە کۆسپەکانی سنوورو ژیاندنەوەی تێکۆشانی پێشمەرگانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خۆیان بەخت کرد، کەوتوونە تانەو تەشەر لێدان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان. باس لە هاوبەشی لەو شانازییانە دەکەن کە گوایە ئەوان بەدەستیان هێناوەو حیزبی دیموکراتی کوردستان، لێیان بووە بە شەریک؟ باس لەوە دەکەن کە هەتا ئەوان نەچووبوونە سنوور کەس خۆی لەم سنوورانە نەدەدا؟! ئیدی لە خۆیان ناپرسن لەو ساڵانەدا کە ئەوان، ڕێگای سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە بیرچووبووە، لەو ساڵانەدا کە حوزووری پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات بە «شێوێنەرو زیان پێگەیەنەری خەباتی مەدەنی» ناو دەبرد، مەگەر تێکۆشەرانی ئەو حیزبە هەر بەو سنوورانەدا نەبوو، هاتوچۆیان دەکرد؟ خۆ بە ئاسمان یا بە بن زەوی‌دا نەدەچوونو هەر لەم سنوورانەوە، تێپەڕ دەبوون . ئەمەش لە هەلومەرجێک دابوو کە دەیانزانی لەم بەرو ئەو بەر، کۆسپو کێشەو مەترسییان لە ڕێگا دایە بەڵام حەکیمانە، بەو پەڕی مایەدانان لە خۆیانو بە دوور لە هاتوهاوار، ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان جێبەجێ دەکرد.


بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانی زۆری لە دەست پاوانخوازیو بەرچاوتەنگیی هێندێک لە لایەنە سیاسییەکانو ململانێی نابەجێی ئەوان دیتووە. ئێستا کە بە خۆشییەوە لایەنەکانی دیکەش کەمو زۆر دەیانەوێ وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەنو چالاکبوونەوەو حوزووری پێشمەرگانە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێننە ڕیزی بەرنامەی کارو تێکۆشانیان، باشترە لە جیاتی یەکتر بوغزاندنو تەحەممول نەکردنی لایەنەکانی دیکە لە تەنیشت خۆیان، بیر لە شتی بە ڕاستی پێویست بکەنەوە. بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەتوانن لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیو هێرشی هێزەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر پێشمەرگەکانیان، هاوکاریی یەکتر بکەن. پێویستە بیر لەوە بکەنەوە لە جیاتی ئەوەی هەر کام بە جیا تەپۆڵکەیەکو دەراوێکو کاروانە ڕێیەک، بە نیازی گومرگ وەرگرتنو دەستڕاگەیشتن بە خەڵکی ڕۆژهەلات کۆنترۆڵ بکا، بە یەکەوە و بە پێی پلان و بەرنامەی هاوبەشو بە هێزی هاوبەشەوە بەرەوڕووی دەرفەتەکان ببنەوە. بە ڕاستی بەڕێزان! هیچ بیرتان لەوە کردوەتەوە ئەگەر لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی، چاوی دیتنی لایەنێکی دیکەی لە سەر سنوور یا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی‌دا نەبێو تا ئەو ڕادەیە بیانووی پێ بگرێو کێشەی پێ بفرۆشێ کە شتی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە، هەرچی لەم یەک دوو مانگەدا لە بارەی سنوورپارێزبوونو داگیرکردنی سنوورەکانی هەرێمو پاوانخوازبوونەوە بە» پە. کا. کا «وتراوە، هەمووی بەرەورووی خۆتان دەکرێتەوە؟!

لە کێشەیەی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حدکا دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بەرپرسانە و ژیرانە جووڵایەوە. لە لایەکەوە پەکی بەرنامەکانی ساڵانەی خۆی نەخست. هەم کادرو پێشمەرگەکانی خۆی ڕەوانەی قووڵایی چەند ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە، هەم لە سنووریش بە هێزێکی زۆرەوە ئامادە بوو. ئەگەر چی ڕاگەیاند بۆ شەڕ لەگەڵ پارتی کریکارانی کوردستان، لەو سنوورانە نییە، بەلام هەر کەسێک تۆسقاڵێک تێگەیشتنو خوێندنەوەی سیاسییانەی بۆ ڕووداوەکان هەبێ، دەیزانی کە بوونی هێزی پێشمەرگەی حدک لە سنوورەکان پشتیوانێکە بۆ پێشمەرگەکانی حدکا، بە تایبەتی کە ئەو حیزبە بە ڕاشکاوی ڕەخنەی لە پ.ک.ک گرت سەبارەت بە تێکهەڵچوونی چەکدارانەو شەهید کردنی پێشمەرگەی حدکا. هەروەها بە دەنگی بەرزیشو لە زمانی هەر هەموو بەرپرسانییەوە تەنانەت لە دانیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیی ئەو پارتەشدا ڕایگەیاند هەر ڕێگرییەک لە بوونی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەلات لە سەر سنوورەکانو هاتووچۆیان بۆ نیوخۆی ڕۆژهەلات لە لایەن پ.ک.کاوە، نارەوایە.

بە هەموو حیسابێک لە یەک دوو مانگی ڕابردوو دا، لە ڕووی هەڵوێستی سیاسیو لە باری کردەییومەیدانییەوە، نزیکترین هێزو لایەن بە حدکا ،حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. کە چی دەنگی پێزانین بەرامبەر ئەو حیزبە لە نیو حدکا دا زۆر نزمەو بەپێچەوانەوە، هەر لە سەر خولگەکەی جارانی خۆی دەسووڕێتەوەو ئەرێ بەڕاستی چ دەبێ ئەگەر بڕیاردەرانی نێو حدکا، جارێک لە جاران ئەو هەموو خالە پۆزەتیڤەی لە بواری هاوپێوەندیو هاتنەپێشەوە بۆ هاوکاریو هاوخەباتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دیوە و دەیبینن، لە جیاتی ڕەتکردنەوەو پەنابردن بۆ ململانێی بەرچاوتەنگانە، نارەواو پاساوهەڵنەگر، بە ڕووی خۆشو ئامادەیی نیشاندان بۆ پشت پێک بەستنو بەیەکەوە هەنگاونان بۆ پێشەوە، وەڵام بدەنەوە؟









# ڕۆژهەڵات لە بەردەم دڕندەیی دیکتاتۆردا



**بورهان پاڵانی**

دوو ـ سێ مانگی ڕابردوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ ناخۆش و کارەساتبار بوو. دەکرێ بێژین کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویان دا کە لە جۆری خۆیاندا تراژدایەک بوون. لە ناخی ئەم تراژدیاگەلەدا بێ بایەخی مرۆڤ و مافەکانی خۆی دەردەخا و هاوکات دڕندەیی دیکتاتۆرمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە.

ڕووداوی گیان لەدەست دانی فەریناز خوسرەوانی کە لە ئاکامی هەوڵی دەستدرێژی کاربەدەستێکی ئیتڵاعاتی کۆماری ئیسلامیدا لە مەهاباد ڕوویدا پڕ هەژێنەر و تراژیک بوو، کە بە خۆشییەوە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات لە ئاست ئەم ڕووداوە بێدەنگ نەبوو و کاردانەوەی شیاوی هەبوو. بێگومان ئەمەش نیشانەی زیندوویەتیی کۆمەڵگەی کوردییە لە ئاست ویست و داخوازییە بەرهەق و نەتەوەییەکانی. لە بەرانبەریشدا شێوازی مامەڵە کردنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدا بردنی دۆسییەی تاوانی گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی و ڕووداوەکانی پاش گیان لەدەستدانی فەریناز لە شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات، دڕندەیی و بێبەزەیی بوونی ئەو دەسەڵاتە سەدە نێوەڕاستییەمان بۆ دەردەخا. سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و گرتن و لێدان و کوشتن و بریندارکردنی خەڵک، ڕەت کردنەوەی ئەوەی کە دەستدرێژیکەر سەر بە دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبووە، هەڕەشە کردن لە بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی و... نموونە ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بوون بەرانبەر بەم کارەساتە دڵتەزێنە.

پاش ئەم ڕووداوە و کاردانەوەکان بەم ررووداوە، ڕووداوی لە سێدارەدانی بەندیی سیاسیی کورد، مەنسوور ئاروەند لە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان (١٤،٦،٢٠١٥)، کارەساتێکی دیکە و غەدرێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوو بەرانبەر بە کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و بنەماڵەی مەنسوور ئاروەند بەتایبەتی. مەنسوور ئاروەند شۆڕشگێڕێکی سیاسی و مەدەنیی کورد کە تەنیا تاوانی ئەوە بوو داکۆکی لە مافی نەتەوەکەی کردبوو، کە ئەمەش مافی ڕەوای هەموو مرۆڤێکی ئازاد و سەربەستە. سەرەڕای ئەنجام دانی ئەم کردەوە دڕندانەیە، بەداخەوە بینیمان کە ئیزنیان بە بنەماڵەکەی نەدا کە لە مزگەوت سەرەخۆشی بۆ دابنێن و تەنانەت تەرمەکەشیان ڕادەست نەکردنەوە.

پاش ئەم ڕووداوە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ دیسان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو ڕووداوی دڵتەزێنی دیکەی بە خۆیەوە بینی کە بەرهەمی دڕندەیی و بێبەزەیی دیکتاتۆری ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. ڕووداوی یەکەم گیان لە دەستدانی «ئاکام تەلاج»، خوێندکار و خەڵکی شاری نەغەدە بوو کە لە ئەنجامی بەشداری لە نارەزایەتییەکان دژی مەرگی فەریناز خوسرەوانی بە گوللەی بەکرێگیراوێک بریندار بوو و دوای تێپەڕینی دوو مانگ کە لە نەخۆشخانەکانی ورمێ و مەهاباد لە ژێر چاودێری پزیشکیدا بوو، بە داخەوە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ گیانی لە دەست دا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان. پاش ئەم ڕووداوە و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بەداخەوە کانی ئاگووشی کچی بەندیی سیاسیی کورد حەمەدەمین ئاگووشی لە شاری پیرانشار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کانی تەمەن ٢٣ ساڵ کە خوێندکاریش بوو، ساڵانێکە باوکی بەند کراوە و لە نازی باوک بێبەش بووە و ساڵی پاریش دایکی لە داست دابوو. ئەمانە بووە هۆی ئەوەی تووشی خەمۆکی بێ و لە ئەنجامدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ.



ئەو ڕووداوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، هەمووی لە ژێر سایەی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیدا خوڵقاون و بەرپرسیارەتیی ئەم تاوانانە لە ئەستۆی ئەو ڕێژیمەیە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی سەرکوت و هێرشی بۆ سەر کورد و چالاکوانانی کورد گرتووەتەبەر و ئەم سیاسەتە شتێکی تازە نییە، بەڵام بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی پێدەچێ ئەم سیاسەت و سەرکوتانە دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر پەرە بستێنێ. ئەو چەند نموونەی کە ئاماژەیان پێکرا نیشانەی ئەو پەڕەی دڕندەیی ئەو ڕێژیمەیە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان لە چەند دوو ـ سێ مانگی ڕابردوودا. وەک لە سەرەتاوە هەر کام لەو ڕووداوانە لە جۆری خۆیدا تراژدیایەکە و بێ بایەخ بوونی مرۆڤ و مافەکانی لا کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا.

بە لەبەرچاو گرتنی جموجووڵ و چالاکییەکانی ئەم دواییەی تێکۆشەرانی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان ڕێژیم بازنەی سەرکوتەکانی فراوانتر و توندتر دەکا دژی خەڵکی کوردستان و دەبێ خۆمان بۆ ئەم قوناغە ئامادە بکەین. لەم قۆناغەدا ڕەنگە ڕۆژهەڵات بکەوێتە بەردەم پەلاماری زۆر دڕندانەی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی و ڕەنگە ڕووداوی زۆر قووڵتر و تراژیکتر لەوانەی سەرەوە دیسان دووبارە ببنەوە. ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە ئەوەیە کە نەترسین و ئەم ڕووداوانە هەنگاومان پێ شل نەکات و نەهێڵین خوێنی مەنسوور ئاروەندەکان و ئاکام تەلاجەکان و... بە فیڕۆ بچێ.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٥٩

٧ی جولای ١٣٩٤

١٦ی پووشپەڕی ٢٠١٥

# فەتانەی وەلیدی؛ ئاوازێکی رۆشن، لەملمالنێی ژیان ومەرگێکی کپ و خامۆشێدا



عەلی لەیلاخ

ئەوانەی وا لە کۆمەڵگای خۆیاندا دەگمەنن بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی کە بە دەیان دەردوگرفتی فیکری وفەرهەنگیەوە دەردەدارەو دەناڵێنێ،رەنگە وەکوو مێژوو هەر بەدەگمەنی بمێنەوە بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە هەتا لە ژیاندا ماون لە ململانێی هەر رۆژەی مەرگێکی خامۆشدا ژیان دەبنە سەر. بێ ئەوەی ژیان و حاڵی نالەباری ئەوان جاروبار مووچڕکێک بە گیانماندا بهێنێ کە هەر ئەم دەگمەن مرۆڤانە داژدارو بارهێنەری فەرهەنگ وهونەری نەتەوەکەمانن. چیرۆکی بێ ئەمەگی و لاخرانی هونەرمەندانی کورد لە لایەن کاربەدەستان و کۆمەڵگاوە شتێکی تازە نیە و بەرۆکی زۆر کەسایەتی و هونەرمەندی کوردی لە رۆژهەڵات گرتووتەوە، ئەگەر ئەمرۆکە ئاوازو موزیکی "حەسەن زیرک" بووەتە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە گورانی کوردی و بە خاوەن شکۆی ئاوازی رەسەنی کوردی یادی لێدەکرێ و عاشقانی ئەو دەنگە سیحراوییە وەکوو کەلەپوورێکی هونەری رێزی لێدەگرن و بەرانبەر بە دنیای دەرەوەش پێشانی دەدەن. وەک دەزانین حەسەن زیرەکی دەگمەن و ناوداری ئێستا، نموونەی وەلاخراوترین و کلۆڵترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی بوو.

یەکێکتر لەو دەنگە دەگمەن و چریکەی رچەشکێنەری کورد کە ئێستا لە ژووری خەمۆکی و بێ دەرەتانی لە گوندی "حسێن ئاوای" شاری سنە و لە تەنیایی شەوی ژینا رووبەرووی مەرگێکی بەردەوامە،



خانمی گۆرانیبێژ و داهێنەری کورد "فەتانەی وەلیدی"یە.

فەتانەی وەلیدی لە مانگی گوڵانی ١٣٣٦هەتاوی (١٩٥٧ی زاینی) لەشاری سنە لە دایک دەبێ و بە هۆی هونەرمەندبوونی باوکی "شەریف وەلیدی" هۆگری گورانی و مۆزیکی کوردی دەبێ، فەتانە لە یەکەم ژنانی بواری گۆرانی و هونەری موسیقای کوردییە کە هەر لە تەمەنی منالییەوە واتە ٦ یا٧ سالان بە پاڵنەری "حەسەن کامکار" لە رادیۆی سنە گۆرانی دەچڕێ و هەر ئەمە نیشان لە بەهەرەمەند بوونی ئەو خاتوونەیە کە هەر زوو دەنگی بۆ ژەنیاران و موزیسیەنە بەناو بانگەکان وەکوو حەسەن کامکارو، گریشا میکائیلزادەو موجتەبا میرزادە و... هتد. سەرنجراکێش دەبێ. ئەوەی کە ئێستا لەوە خانمە دەنگ خۆشە وەکوو ئاواز و گورانی بەجێماوە بەشێکی ئێگجار کەمە لە سەرجەم ئەو گورانیانەی کە تۆماری کردوە، بەڵام بەداخەوە بڵاو نەکراوەتەوە نزیک ٥٦ گورانی لە رادیۆ سنە و کرماشان تۆمارکردوە کە هەر ئەلبوومێکی لەبەردەست دایە. سۆزێکی ژنانە و هەستێکی هونەرمەندانە لە سەرجەم گۆرانییەکانی فەتانە شەپۆل دەدا و بەچەشنی خرێنگەی کانیاوێکی بەهاری دەرژێتە ناخی دەشتی ئەویندارن و دەوەنی دەروونی گوێگرانی بە ئەفسوونێکی سەیر فێنک دەکاتەوە. رەنگە گیرۆدەبوونی ئەو خانمە رچەشکێنە بە ئەڤینێکی تراژیک بۆتە هۆی دەنگدانەوەی چریکەیەکی ئاسمانی لە گەرووی ژنە کوردێکی کلۆڵ و دیلی دەیان گرفت و لەمپەڕی کۆمەڵایەتی. ئەگەرچی ئەم خانمە هونەرمەندە هاوتەمەن و هاوماڵی گۆرانیبێژانێکی وەکوو "عەباسی کەمەندی و ناسری رەزازی و هوشەنگ شگرف و بیژەن کامکارە، بەڵام زۆر ناخەیەنی کە چرای گۆرانی گوتنی ئەم ژنە رووڵەکزی دەکا و لە سووچی تەنیاییەکی تاڵ و تاقەتپرووکێن، بە دەم بیروەرییەکانییەوە ژیانێکی پڕاوپڕ لە بێ کەسی و نامۆی دەباتە سەر. هەرچەند ژیان تاڵی هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی لە رۆژهەڵات و بەتایبەتیتر لەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەردێکی هاوبەشە، بەڵام بەشی ژنانی هونەرحەز"" هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا بەشێکی زیاترو دۆخێکی نالەبارترە، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ کێشەی ژن بوون، لە کۆمەڵگەیەک کە نۆرمی ئایین ونەریت زاڵترە و دەسەڵاتی باڵای هەیە. هەر بۆیە "فەتانە" لە بەراورد لەگەڵ پیاوانی هاوتەمەنی زوو پەروایزدەخرێ و تا سنووری لەبیرچوونەوەش دەچێ. ئەگەر چارەنووسی ئەم ژنە هونەرمەندە ئەوەند پڕ گێروکێشە نەدەبوو ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر ژیابا رەنگە ئێستا باخی ئاواز و گۆرانی پر بەرهەمترو خۆیشی ناسراوترو خۆش بژیوتر دەبوو، بەڵام چەندین و چەندساڵە ئەوەی وەکوو دەنگۆ لە بارەی فەتانەوە دەبیسین شێت بوونی سەرشەقامەکانە هەتا هەڵکوڕمان لە دیوێکی تاکەکەسی. جێی داخە کە بێ بێجگە چەند دیمانەی رۆژنامەوانی و چەند گرتە ڤیدیویی ئەویش لەکاتی زەویری و زەلیلی جەستەیی و نەخۆشی فەرامۆشی ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاوڕێکی جیدی لە بەرهەم و ژیانی هونەری ئەم ژنە پێشقەراوڵەی گۆرانی کوردی نەدراوە. وەک ئاگادارین لەم دواییانە ئەمەگناسی بنەماڵەی کامکارەکان بە نیسبەت ئەم خاتوونە دەنگ سیحراوییە، سەردان و دیدارێکی لێکەوتەوەو بیژەن کامکارو سەبا کامکار لەگەڵ گەورە موزیسینی ئیرانی "حسەین عەلیزادە" بوون بە میوانی دیوی تەنیا و تەریک کەوتووی "فەتانە وەلیدی". دیسانەکەی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەی فەتانە و زڵەی فرمیسکی روومەتی حەسرەتباری بەشێکی زۆر لە رۆژنامەکان و میدیاکانی رازاندەوە، بەڵام بەسەرکردن و



بەها دان بە "فەتانە" لە کاتێک کە تووشی دەردێکی بێ دەرمان و حاڵێکی ناسازو جەستەیەکی ناساغە و لە ئاویلکەدانێکی بەردەوام بەرەو پیری مەرگ دەچێ نەک بڵێم کارێکی باش نیە، بەڵام بێ کەڵکە، دەبا زۆر پێشتر خەڵک و کاربەدەستانی پێوەندیدار بە بواری فەرهەنگ وهونەر! هەروەها رۆژنامەنووسان و هەڵسوورانی بواری فەرهەنگی فریای فەوتانی فەتانە بکەوتان. سەدحەیف و خەسار کە چیتر "بولبولە خەمگین و دڵشکاوەی بناری ئاویەر چاوەڕوانی هیج فریاکەوتن و بەهانا چوونێک نیە.

چڕینی هونەرمەندانەی گۆرانییەکان و کەڵک وەرگرتن لە فۆلکۆری کوردی و نزیک بوونی تێکستی گۆرانییەکانی بە بەسەرهاتوو ویستەکانی، تایبەتمەندی گۆرانییەکانی "فەتانە وەلید"ی‌یە کە خاوەن شێوازو ستایلی تایبەت بە خۆیەوە. بەدەر لە هەرچەشنە لاسایی‌کردنەوەیەک. هەروەها لەیەکەم گۆرانیبێژانی کوردە کە شێوە گۆرانی خوێندنی دووقۆڵی بە هاودەنگی هونەرمەند "سالح پیرزەهیری" گۆرانی "بەهار فەسڵێکی خۆشە، دوور لەیاری چاوجوانم و کەومل کەومل"ی چڕیوە.

لاوەندنەوەی دڵێکی شەیدا لە گۆرانی "لای لای دڵم لای لە باخی سینە" و "ئەی دڵی غەمینی من بۆچ بێقەراری"، دڵی گۆرانییەکانی "فەتانە"ی تاقانەن و لە ئێنجانی ئاوازی رەسەن "هەی گوڵ ئامان گۆڵ"کەی چەپکەگوڵێکی جوان و گەشاوەیە و"شیرین تەشی دەریسێ" وەکوو "گوڵی ناوباخان" نواندنی ناسک و خەیاڵاویی"ڕازی شەیدایە"


گەرچی ئەم خانمە هونەرمەندە بەم چەن گۆرانییەوە ناسراوە جێ پەنجە و رچەشکێنی لە بواری هاتنە مەیدانی ژنان کورد لە بواری موسیقا دەبێ زیاترو باشتر سەرنجی پێ بدرێ. هەرچەند ژنانی دیکەش ئەم ئەزموونە ئاستەمەیان تاقی کردۆتەوە کەسانێک وەکوو "شەهین تالەبانی، سدیقەی مەحەمەدنیژاد". بەڵام ئەوانیش لەو سەردەمە بەهۆی نەریتی کۆمەڵگەوئاستەنگەکان واز لە گۆرانی گوتن دێنن. هەتا دوای پچڕانێکی چەندین ساڵە "مەرزیە"ی فەریقی لە دەرەوەی رۆژهەڵات وەک ژنە گۆرانی بێژێکی رۆژهەڵاتی دێتە مەیدان و رێگەی هونەری کەسانێک وەکوو "فەتانە" درێژە دەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی دوگم و داخراو رووی خۆشیی بە هونەرو کۆمەڵگەی هونەرمەندان تا ئێستا نیشان نەداوە، وەک دەبینین لە ئەمڕۆکەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەک لەدوای یەک بەرگریی لە بەرێوەچوونی کۆنسیرتی موسیقی دەکرێ بەڵام بۆ سەیری کردنی ئیعدام و شەلاق لێدان و سزادانی لەم چەشنە. خەڵک هان دەدەن کە بێنە سەرشەقام! ئەمە لەلایەک و لایەکتر نەریت و سوننەتی کۆمەڵگەش رێگرە لەوەی ژنان بتوان لە بواری هونەری بەتایبەت لە بواری گۆرانی و موسیقی بێ کۆسپ و گرفت بەشدار بن. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە لێهاتوویی و توانایەکانی ژنان لەم بوارەشدا، لە ناو دەچێ و گەشە ناکات. هەرچەند سەرەڕای زەخت و زەبری سیاسی و فەرهەنگی بەسەر ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ بەدوای رۆژ ڕادەی بەشداری ژنان و کچان لە ناوەندە فەرهەنگی و هونەرییەکان لە زیادبوون دایە، بەڵام با یەک شت هەمیشە لە بیرمان بێ کە رچەشکێنەکانی هەر بوارێک، دەگمەنەکانی هەر سەردەمێک شیاوی ناسینی وڕێزی زیاترن. "فەتانە"ش ئەو دەنگە دەگمەن و ڕچەشکێنەیە کە پێویستە وەک وەفاو ئەمەگناسی بەرەی نوێ و داهاتوو زیاترو باشتر بیناسن. لانیکەم ناسین و ڕێزگرتن کەمترین کارێکە کە لە دەستمان دێت.

..................

**ژێدەر: ئاژانسی هەواڵنێری کوردپا ، ،**
**حەوتەنامەی ئاویەر**

## ژوانگەی خۆر

# جیهانی راستەقینەی شێعر



ئەرسەلان چەڵەبی

«لاڕێنس پێرین» دەڵێ: شیعر هێندەی زمان مێژووی هەیە، سەرەتاییترین مرۆڤەکان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و نوێترین مرۆڤەکانیش پەرەیان پێداوە، لە هەموو قۆناغەکانی مێژوو و هەموو وڵاتەکان، شیعر لە لایەن هەموو جۆرە خەڵکێکەوە لە بارودۆخی جۆراوجۆر بە تامەزرۆییەوە خوێندراوەتەوە و گوێیان بۆ هەڵخستووە،، لە لایەن سەربازەکانەوە، سیاسەتمەدارەکان، یاساناسەکان، وەرزێڕەکان، پزشکەکان، مەلاکان، فیلسووفەکان، پاشاکان و ....و هەروەها لە ئاساییترین دۆخی خۆیدا شیعر لە لایەن خەڵکی نەخوێندەوار و منالەکانیشەوە پێشوازی لێکراوە و بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی.

شیعری ڕاستەقینە هەوێن و ناوەڕۆکێکی راستینی هەیە کە لە ئەزموونی راستەوخۆی ژیانی ناو کۆمەڵگای شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و هیچ کات ئالۆزبێژی و بێ ئەزموونی و هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەزموونە بێناوەڕۆکەکانی کەسانی پێشووتر نییە، بەڵکوو شاعیری راستەقینە وەها مانایەک لە هەوێنی راستەقینەی ژیان دەبینێتەوە و هەروەها بە جل و بەرگێکی وەها ڕازاوە لە زمان دا زەفەر دەباتە ڕۆحمان کە لەو جیهانە سەیر و سەمەرەی کە نە کات و نە شوێنی ناسراوی هەیە، خۆ رزگار دەکا و خۆ دەگەیەنێتە ناو پانتایی ئەو جیهانە سەرڕێژ لە راستییەی کە بوونی هەیە و ئەو خەون و جیهانە جادووییە نییە کە لە لایەن تاقمێک شاعیری تایبەتەوە پێناسەی بۆ دەکرێ و هیچ پەیوندییەکی لە گەڵ ژیان و کۆمەڵی هاوسەردەمی خۆی نییە.

شاعیر و چیڕۆکنووسی گەورەی جیهان «بۆرخێس» دەڵێ: لە ڕاستیدا من خۆم بە خوێنەر دەزانم، هەر وەک کە ئاگادارن چوومەتە ناو جیهانی تەژی لە مەترسی نووسینەوە، بیر دەکەمەوە ئەوەی خوێندوومەتەوە لەوەی کە نووسیومە، گەلێ گرینگترە، چۆن مرۆڤ ئەوەی حەزی لێدەکا دەیخوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ ئەوەی حەزی لێیەتی بینووسێ، چۆن تەنیا ئەوە دەنووسێ کە دەرەقەتی دێ.

لەو وتەیەی «بۆرخێس» دەردەکەوێ بە گشتی نووسەر تەنیا ئەوە دێنێتە سەر لاپەڕە کە بۆی دەگونجێ و لە باری فیکرییەوە دەرەقەتی دێ، رەنگە خۆ لە قەرەی هەندێک بابەتی فیکری و فەلسەفی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە کارێکی ئەستەم بێت و لە ئاکامدا نەک خوێنەر بەلکوو خاوەنی دەقەکەش تووشی قەیران و نامۆیی و سەرلێ شێوایی بێت، واتە جیهانی شیعر بە گوێرەی پێویست ئەوەندە پان و بەرین هەیە کە شاعیر لە ناو جەغزی هەندێک بابەتی تایبەت دا پێنووسەکەی بەرتەسک کاتەوە، هەر لەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تێیدا دەژین و ناوی کوردستانە، بە دڵنیاییەوە لە هەر کون و کەلێنێکی جیهانێک لە سووژە و مانا و کێشە و بابەتی فیکری هەیە کە پەیوەندی بە داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە و دەتوانین لەنگەری لە سەر بگرین و چیها دەقی شاکاری لێ بوخولقێنین کە زۆر بە ئاسانی لە ناو کۆمەڵ دا خوێنەری خۆشی دەبینێتەوە و ئەو نامۆیی و قەیرانەش نامێنێ لە ڕەوتی شیعری نوێی کوردیدا.

بەڵام بە سەرنج دان لە مێژووی کورت و ساوای شێعری نوێی کوردی و هەروەها سرنجێکی وردبینانەتر لە سەر مێژووی ئەدەبیاتی نوێ و شیعری نوێی وڵاتانی بیانی کە خاوەنی مێژوویەکی چەند بەرابەری مێژووی ئەدەبی کوردییە ،هەروەها بەو پێیە کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی هەتا سەر ئێسک سوننەتییە و تەنیا ئامێرەکانی مۆدێڕنیتە هاتۆتە ناو کۆمەڵگا و هزر و بیری مۆدێڕن نەیتوانیوە جێگەی بیر و عورفی سوننەتی کۆمەڵگا بگرێتەوە، دەگەینە ئەو ئاکامە کە رەنگە ڕەوتی نوێخوازی ئەدەبی کوردی لە چەرخەیەکی مەند و هێور دا رەنگە سەرکەوتووتر بێت.

..........................................................................

...................................................

.......................................

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:569 July 2015



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

## کیمیابارانی سەردەشت لە نێوان تاوانی ڕێژیمی بەعس و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران دا



قادر وریا

٢٨ساڵ لەمەوبەر لەمرۆ دا، ڕێژیمی بەعسی گۆڕکراو، تاوانێکی گەورەی دیکەی لە دژی نەتەوەکەمان خولقاند. شاری سەردەشتی کرد بە ئامانجی فڕۆکە شەڕکەرەکانی و بۆمبی کیمیایی بە سەردا باراندن. تا ئێستاش ئەم پرسیارە بێ وڵامە خەڵکی سڤیل و تەنانەت زۆرلێکراو و بێبەشی شارێک، کە بۆ خۆیان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتداری وڵاتەکەیان لە خەبات و بەربەرەکانێ دابوون، بۆ چی لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق و ئەویش بە بۆمبی کیمیایی هێرشیان کرایە سەر؟

شاری سەردەشت یەکەم شار یا لەو یەکەم شارانەیە کە کەوتنە بەر بۆمبارانی کیمیایی. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەو لە ڕۆژانی دواتر دا، سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان کوژران و بریندار بوون. بەڵام مردن و ئازارو تلانەوە بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم بۆردومانە کیمیاییە، دەستهەڵگری خەڵکی ئەو شارە نەبووە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا، کەم ساڵو تەنانەت کەم مانگ هەیە یەک یا چەند کەس لە بریندارانی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت گیانیان لە دەست نەدەن. هەتا ئێستاش بە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە هەر وا لە گەڵ شوێنەوارەکانی ئەم بۆمبارانە دەستو پەنجە نەرم دەکەن. جەستەیان، دەروونیان هەموو ڕۆژێ و هەموو ساتەکان لە گەڵ ئێش و ئازار لە بەربەرکانی دایە. لە هەمووی ئەوانەش تاڵتر ئەوەیە کە خەڵکی ئەم شارە، هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوون لە گەڵ ئەم هێرشە کۆمەڵکوژییە، لە گەڵ کەمتەرخەمیو بێتەفاوەتیی ڕێژیمی دەسەلاتداری ئێران بەرەوروو بوون و هەتا ئێستاش هەر بۆ خۆیان مشوورخۆری خۆیانن.

سەردەشت بە هەزاران زیان پێگەیشتووی بۆمبارانی کیمیایی هەیە، سەدان بنەماڵە هەن کە ئەندامێک یا چەند ئەندامی بنەماڵەکەیان بە هۆی ئەو ڕووداوە گیانیان لە دەست داوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی قوربانییەکان و بۆ پێڕاگەیشتن بە بریندااران و زیانپێگەیشتوانی ئەم بۆمبارانە چی کردوە؟ چەند نەخۆشخانە و ئاسایشگای تایبەتی لەو شارە دامەزراندوە؟ چەند بنکەی دەرمانی و ناوەندی تایبەتی بۆ پێڕاگەیشتن و چاوەدێری کردنی بریندارەکان و زیانپێگەیشتوان لە سەردەشت پێک هێناوە؟ کام هاوکاریی ماڵیی ئەو بنەمالانە و ئەو کەسانە دەکا کە تا ئێستاش بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو بۆمبارانە دەناڵێنن؟ بۆ قەرەبووی کارەساتێک کە ئەم شارە لە سۆنگەی شەڕی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ ڕێژیمی سەددام حوسێن بەسەری هات، چ هەنگاوێکی ناوە؟ ئایا خانووبەرەی بۆ قوربانییەکان دابین کردوە؟ لە ماوەی ئەم ٢٨ سالە دا، پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی تایبەتی بۆ ئەم شارە تەرخان کردوە بۆ ئەوەی لاوەکان بێکار نەبن و بتوانن بژیوی بنەماڵە بەلالێدراوەکانیان پەیدا بکەن؟ ئەم ڕێژیمە چ جیاوازییەکی لە نێوان سەردەشتی دەستەخوشکی هێرۆشیماوناکازاکیو هەڵەبجە لە گەڵ شارەکانی دیکەی ئێران داناوە تا بزانین ئاوردانەوەیەکی تایبەتی بە نیسبەت ئەو شارە هەبووە؟ بە داخەوە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە نایە؟سەردەشت سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەی بە سەری هاتوە، لە گەڵ ئەوەی پێویستی بە ئاوڕدانەوەی تایبەت لە هەموو بوارەکان دا هەبوو، لە لایەن ڕێژیمی دەسلاتداری ئێرانەوە پستگوێ خراوە؟ دەسەلاتداران و کاربەدەستان تەنانەت لەوەش ڕێگر بوون کە خەڵکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات یا خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ئازادی و بەو جۆرەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ هاوپیوەندیو هاوکاریی خۆیان لە گەڵ دانیشتوانی ئەم شارە بنوێنن.

لە ٢٨ ساڵەی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت دا، وێڕای موحکوومکردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئەو شارە لە لایەن ڕێژیمی گۆڕکراوی بەعسەوە، جارێکی دیکە لە گەڵ خەڵکی ئازادیخوازو خەڵکی نیشتمانپەروەری سەردەشت هاودەردیی خۆمان دووپات دەکەینەوە. جارێکی دیکە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی ماناداری دەسەلاتداران‌و کاربەدەستان لە ئاست خەڵکی ئەو شارە مەحکووم دەکەین. بۆ جارێکی دیکە ڕووی چاوەڕوانی و داوامان دەکەینە هەموو خەڵکی کوردستان کە وەک هەمیشە لە گەڵ سەردەشتو خەم و ئازارەکانی دابن.

سڵاو لە شەهیدانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشتو

بە هیوای سووک بوونی ئازارو مەینەتییەکانی زیانپێگەیشتوان و بنەماڵەی قوربانییەکان









## یادکردنەوەی کیمیابارانی شاری سەردەشت

**یەکشەممە ٧ی پووشپەر لە شاری سەردەشت لە ساڵیادی کیمیابارانی ئەم شارەدا، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم شارە بەرێوە چوو.**

لە پەراوێزی ئەو یادکردنەوەیەدا بە هیمەتی ژینگەپارێزانی رۆژهەڵاتی، ١١٨نەمامی دار بەروو بە یادی ١١٨ شەهیدی ئەو بۆردومانە شیمیاییە لە دەوروبەری شاری سەردەشت چاندرا. هەروەها لەو رۆژەدا خەڵک بۆ ڕێزلێنان و بەزراگرتنی یادی قوربانیانی ئەم جینایەتە، دوکان وبازاریان داخست. شاری سەردەشت ، ٢٨ساڵ لەمەوبەر لەشەری ئیران وعیراق لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە کیمیاباران کرا، کە تا ئێستاش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیان نەداوە کە ئەم کارەساتە



وەکوو ژینۆسایدێکی مرۆیی بەجیهانی بکرێت

## ڕ ێپێوانی منداڵان لە رۆژی جیهانیی دووری لە مادده هۆشبەرەکاندا



رۆژی پێنج شەمە ٥ ی پووشپەڕ کە بەرامبەر بوو لەگەڵ رۆژی جیهانی دووری لە مادده هۆشبەرەکان، بە دەستپێشخەری باخچەی منداڵانی "باوان" لە شاری مەهاباد پۆلیک لە منداڵانی ئەوشارە بە رێپێوانی نمادین و هەڵگرتنی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بەم بارەوە هەرەشە و مەترسییەکانی دیاردەی ئیعتیادیان لەسەر ئێستاو داهاتووی خۆیان بەرزکردەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان و پەرەئەستاندنی ئیعتیاد یەکێک لە گەورەترین کێشە کۆمەلاتییەکانی ئێرانە کە رۆهەلاتی کوردستانیشی گرتوتەوە

## کۆڕیادێک بۆ ئەحمەدی قازی

**ستۆکهۆڵم**

دوانیوەڕۆی رۆژی ٣٠ ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاویی، کۆڕیادێک بۆ رێزگرتن لە کەسایەتی نیشتمانپەروەر، نووسەر، وەرگێڕ و سیاسەتوان، مامۆستا ئەحمەدی قازی، لە لایەن بنەماڵەی قازی لە سوئێد و بە هاوکاریی و پشتیوانی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد و ستۆکهۆڵم، لە سالۆنی " شیستا ترێف" لە باکووری ستۆکهۆڵم پێکهات.

سەرەتای کۆڕیادەکە بە وتەیەکی کورتی بەڕێوەبەری بەرنامەکە، هاوڕی سمکۆ عیسازادە و پاراستنی خولەکێک بێدەنگیی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و نەمر ئەحمەدی قازی دەستپێکرد.



پاشان پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مەسعوود بارزانی، لە لایەن کاک عەتا بانەیی‌یەوە، خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی کۆچی‌دوایی مامۆستا ئەحمەدی قازی نووسرابوو، خوێندرایەوە.

ئەمجار بەڕێزان کاک ئەمیری قازی، کاک حەسەن رەستگار، مامۆستا ئاشق، کاک ناسری حیسامی، دوکتور حوسێن خەلیقی،کاک تاهیری عەلیار، کاک قاسمی قازی، کاک عەلی ئەسغەری خوسرەوی، کاک محەمەدی ئیسماعیلی، هەرکامە لەسەر لایەنێکی کارە ئەدەبیی و نووسراوەکانی مامۆستا ئەحمەدی قازی و نەخشی ئەو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا وتاریان پێشکەش کرد و کارەکانی ناوبراویان بەرز نرخاند.

هەروەها زۆربەی وتاردەرەکان هاوکات باسی خەساری لەدەست چوون و کۆچی دوایی نووسەر و لێکۆڵەرەوە کاک ئەحمەدی شەریفیشیان کرد کە ناوبراویش چەند رۆژێک دوای مامۆستا ئەحمەدی قازی لە شاری مەهاباد کۆچی‌دوایی کرد.

پاشان پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوئێد، کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کوردستانییەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە خوێندرایەوە.

کۆڕیادەکە کاتژمێر ١٧ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.